# كۆبەندی یاساکانی
# چەك و
# حزبەکان و
# كۆمەڵە و
# ڕێكخراوە كوردستانییە ناحكومییەکانی
# هەرێمی كوردستان-عێراق



كۆبەندی یاساکانی چەك و حزبەکان و كۆمەڵە و ڕێكخراوە كوردستانییە...

## نـــــاوەڕۆك


| ژ | بابەتەكان | لاپەرە |
|---|---|---|
| 1 | دەستپێك | |
| 2 | یاساى چەك ژمارە (16)ى ساڵى 1993 | |
| 3 | بڕیارى ژمارە (43)ى ساڵى 1992 | |
| 4 | یاساى حزبەكانى هەرێمى كوردستانى عێراق ژمارە (17)ى ساڵى 1993 | |
| 5 | یاساى كۆمەڵەى هەرێمى كوردستانى عێراق ژمارە(18)ى ساڵى 1993 | |
| 6 | یاساى ڕێكخراوە كوردستانیە غەیرە حكومییەكانى هەرێمى كوردستان ژمارە (15)ى ساڵى 2001 | |
| 7 | بڕیارى ژمارە (16) لە 3/10/2010 كاركردنى هاووڵاتیان لە ڕێكخراوە نێودەوڵەتى و بیانییە غەیرە حكومییەكان | |
| 8 | ناوەڕۆك | |

دەكات) موراجەعەی وەزارەتی ناوخۆ بكەن بۆ ئەوەی ئیزنی تایبەت بەو ئیشەیان وەربگرن.

سێیەم: هەر كەسێ سەرپێچی لە حوكمەكانی ئەم بڕیارە بكات سزا دەدرێت بە حەپس كردن بۆ ماوەیەك لە شەش مانگ كەمتر نەبێ ولە دوو ساڵیش نەترازێ وغەرامەیەكیش دەكرێت لە (10.000) دە هەزار دینار كەمتر نەبێ و لە (30.000) سی هەزار دیناریش زیاتر نەبێ.

چوارەم: پێویستە وەزارەتی ناوخۆ حوكمەكانی ئەم بڕیارە بخاتە بەركار.

پێنجەم: پێویستە وەزارەتە پێوەندیدارەكان و لایەنە پێوەندیدارەكانیش بۆ بەركارخستنی حوكمەكانی ئەم بڕیارە لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ هاوكۆمەك بن.

شەشەم: وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە ڕێنماییگەلی پێویست بۆساناكردنی بەركارخستنی حوكمەكانی ئەم بڕیارە دەربهێنێ.

حەوتەم: هەر دەقێ پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم بڕیارە بێت ناخرێتە بەركار.

هەشتەم: ئەم بڕیارە لەرۆژی بلاوكردنەوەی لە (وەقایعی كوردستان)دا دەخرێتە بەركار.

**د. رۆژ نوری شاوێس**
**سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**كوردستانی - عێراق**





# كۆبەندی یاساكانی
# چەك و
# حزبەكان و
# كۆمەڵە و
# ڕێكخراوە كوردستانییە ناحكومییەكانی
# هەرێمی كوردستان-عێراق


ئامادەكردنی

**دادوەر/ عـــەونـــی بـــەزاز**

ئەندامی پەرلەمانی كوردستان


2010

**ناوی کتێب:**

**کۆبەندی یاساکانی چەك و حزبەکان و کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردستانییە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق**

**ئامادەکردنی:**

**دادوەر/ عەونی بەزاز ئەندامی دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستان-عێراق**
**(پێشوو) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان– جێگیری سەرۆکی لیژنەیی یاسایی**

**چاپ و دیزاین:**

**تێبینەر/ مخلص عزیز کریم**
**وەرگێڕ/ تاژان فەرەیدون هادی**

**تیراژ/ 1000 دانە**

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ساڵی 2010ی دراوەتێ**

www.perleman.org



کۆبەندی یاساکانی چەك و حزبەکان و کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردستانییە...

## بڕیاری ژمارە (16) لە 2002/10/3

## کارکردنی هاووڵاتیان لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و بیانییە غەیرە حکومییەکان (*)

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار:** 16
**ڕۆژی بڕیار:** 2002/10/3

### بڕیار

پشت بە حوکمەکانی بڕگە(1)ی ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992و لەسەر داوای وەزیری ناوخۆ و ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی (2002/10/3)یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

یەکەم: هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و هەر عێراقییەکیش کە لە هەرێمدا نیشتەجێن و ئارەزوو دەکەن لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتی یان لە ڕێکخراوە بیانییە غەیرە حکومییەکان (NGO) یان لەکۆمپانیا بیانییە وەگەڕکەوتووەکانی ناو هەرێم، ئیش بکەن، پێویستە لەسەریان ئیزن لە وەزیری ناوخۆی هەرێم وەربگرن بۆ ئەوەی لەوجێگایانەدا ئیش بکەن، ئەو ئیزنەش بۆ ماوەی ساڵێك بڕەدەکات و تازەبوونەوەشی لەباردا هەیە.

دووەم: پێویستە لەسەر ئەو کەسانەی کە پێش بەرکارخستنی ئەم بڕیارە، لەو ڕێکخراوو کۆمپانیانەدا کەوتوونەتە کارو تا ئێستاش ئیش دەکەن، لە ماوەی ئەوپەڕی دوو مانگدا (کە لە ڕۆژی بەرکارخستنی ئەم بڕیارەوە دەست پێ

(*)– ئەم یاسایە لە ژمارە (35)ی ڕۆژی 2002/10/22 (ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان) بڵاوکراوەتەوە.

# دەستپێك

دەبێ ئاماژە بە هەموو یاساو بڕیارو پێڕەوو ڕێنماییەکان لە دەسەڵاتی ناوەندیەوە دەرکراون بکەین، کە ئەوانە بوون لە هەرێمی کوردستان–عێراق پیادە دەکران و تاوەکو ئێستاش بەشی زۆریان بەرکارن.. بەڵام دوای کێشانەوەی ئیدارەی دەزگاکانی حکومەتی ناوەندی لە هەرێمداو وازهێنانی لە ئیدارەی هەرێم لە 1991/10/23، بۆشاییەکی ئیداری و یاسایی گەورەو کەلێنگەلیك لە یاسادانان و دەسەڵاتدا هاتە گۆڕێ کە هەرێم مافی خۆی بوو، یاساو بڕیار دەربکات تا ڕۆژی 1992/5/19 کە ئەوە بوو لەو ڕۆژەدا هەڵبژاردنی گشتی لە هەرێمدا ئەنجامدراو پەرلەمانی کوردستان–عێراق هەڵبژێردرا بە هەڵبژاردنیشی یەکەم دانیشتنی خۆی لە ڕۆژی 1992/6/4دا سازدا. و ژمارەیەکی زۆر لە یاساو بڕیارو پێڕەوو ڕێنمایی دەرکرد لەوانەش بڕیاری ژمارە (11) لە ڕێکەوتی (1992/8/31) کە فەرمانی بە پابەندکردنی هەموو وەزارەت و دەستەکانی هەرێمی کوردستان کرد کە پەیوەندیان بە وەزارەتێکەوە نییە، دراسەتی یاساو بڕیار و پێڕەو ڕێنماییەکانی لە دەسەڵاتی ناوەندییەوە دەرکراون، بکەن، ودەستنیشانی ئەوانەیان بکەن کەلەگەڵ بەرژەوەندی گەلی کوردستان ناگونجێ و بیخەنە بەردەم پەرلەمان بۆ ئەوەی سەیری ئەوە بکات، پیادەکردنی لەناو هەرێمدا ڕەوایە یان نا، هەروەها لە دەقی بڕگەی دووەمی بڕیاری ئاماژە بۆکراو دا هاتووە، کار بە حوکمی یاساوبڕیارو پێڕەوو ڕێنماییەکان کە لە ئاییندەدا لە دەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەندییەوە دوای کشانەوەی ئیدارەکانی حکومەت لە هەرێمی کوردستان–عێراق لە

(1991/10/23) نەكرێت. تاوەكو لەلایەن پەرلەمانی كوردستان–عێراق دان بە ڕەوایی پیادەكردنی لە هەرێمدا نەنرێت و بڵاوكردنەوەی بڕیاری ئاماژە بۆكراو لە ژمارەی دووەمی ڕۆژنامەی پەرلەمان بۆ مانگی تشرینی یەكەمی 1992، وبەدەركردنی یاساو بڕیارو پێڕەوو ڕێنماییەكانی پەرلەمانی كوردستان، وایلێهات ئەو بڕیارانەی كە لە پەرلەمانەوە دەردەچێت هەر ئەو بڕیارانە بەركارن لە هەرێمدا و كار بەهیچ یاساو ئەو بڕیارانەی لە دەسەڵاتی ناوەندییەوە دەردەكرێن ناكرێت دوای (1991/10/23) تەنیا دوای داننان بە ڕەوایی پیادەكردنی لەلایەن پەرلەمانی كوردستان–عێراق نەبێ، هەروەها كار بەو بڕیارانە ناكرێت كە كارپێكردنی ڕاگیراوە، و پەرلەمانی كوردستان یاساو بڕیاری دیكەشی دەركردووە، بەپێیەوە كاركردن بە حوكم و یاساكانی بە تەواوەتی یان بەشێكی ڕاگرتووە.

ئەگەر ئەو حوكمانە لەگەڵ بەرژەوەندی گەلی كوردستان–عێراق نەگونجێت یان لەگەڵ پرەنسیپەكانی دیموكراسی و مافەكانی مرۆڤ و ڕێنوێنیەكانی گشتی هەرێم و فەلسەفەی حوكمڕانی و بە داننانی دەستووری هەمیشەیی عێراق كە پتر 80٪ی گەلی عێراق دەنگیان بۆ داوە، ناكۆك بێت.

دەستووری عێراق لە مادده (117/یەكەم)دا دانی بە هەرێمی كوردستان و دەسەڵاتەكەی داناوە، وەكو هەرێمێكی فیدرالی هەروەها لە دەقی مادده (141)دا هاتووە بەبەردەوامی كار بە یاساكانی لەهەرێمی كوردستان هەر لەساڵی (1992)وە دەركراون دەكرێت، و هەروەها كاردەكرێت بەو بڕیارانە كەلەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستان دەركراون، لەوانەش بڕیارەكانی دادگاكانو گرێبەستەكان، ئەگەر بە پێی





## بڕیاری ژمارە (16) لە 2002/10/3
## كاركردنی هاووڵاتیان لە ڕێكخراوە نێو دەوڵەتی و بیانیە غەیر حكومیەكان

**ماددەی بیست و چوارەم:**

وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ سانا کردنی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربهێنێ.

**ماددەی بیست و پێنجەم:**

پێوستە ئەنجوومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی بیست و شەشەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی لە (وەقائعی کوردستان) دا دەخرێتە بەرکار.

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**هۆکارە زەروورەکان**

لەبەرژەوەندی گەلەکەمانە بەتایبەتیش لەم قۆناغەی ئەزموونە دیموکراتیەماندا و مافی ڕەوای خۆشیەتی کە ڕێکخراوی گەلی لەبواری بەهانا چوون و ئاوەدانکاری وفراژوکاریدا ببێ لە پێناو ڕەخساندنی دەرفەتیش بۆ ڕێکخراوە کوردستانیەکان کە بتوانن لە ڕیگای پێشکەش کردنی خزمەت و پرۆژە و یاریدەدانی بنیادی ئابووری نیشتمانییەوە هاوبەشی لەو بوارانەدا بکەن و سوودیش لە شارەزایی وزە و توانایی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگاکەمان وەربگیرێ. لەبەر ئەوانە، هەمووی، ئەم یاساکارییە ئەنجام درا.



کۆبەندی یاساکانی چەك و حزبەکان و کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردستانییە...

یاساکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن لایەنێکی تایبەتمەندەوە هەموار نەکرابن یان هەڵنەوەشێنرابنەوە،یان پێچەوانەی ئەو دەستوورە نەبن.

هەروەها لە دەقی ماددە (121) لە دەستووری فیدراڵیدا هاتووە:

یەکەم: بەپێی حوکمەکانی ئەو دەستوورەو بەدەر لەو تایبەتمەندییە چڕکراوانەی بۆ دەسەڵاتەکانی فیدراڵیدا هاتووە، دەسەڵاتەکانی هەرێم مافی کارایی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەریان هەیە.

دووەم: لە حاڵەتی بوونی ناکۆکی و ڕێکنەکەوتن لە نێوان یاسای فیدراڵی و یاسای هەرێم تایبەت بە مەسەلەیەك نەکەوێتە ژێر تایبەتمەندییە چڕکراوەکانی دەسەڵاتی فیدراڵییەوە، دەسەڵاتی هەرێم مافی هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای فیدراڵیان لە هەرێمدا هەیە. هەروەها وەکو لە دەقی ماددە (115)ی دەستووردا هاتووە: (هەرشتێك لەدەقی ئەو تایبەتمەندییە چڕکراوانەی دەسەڵاتی فیدراڵیەوە نەهاتبێت، دەبێتە دەسەڵاتی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ڕێکنەخراون لە هەرێمدا ئەگەر ناکۆکی هەبوو لەو دەسەڵاتانەی دیکەی هاوبەش لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان ئەو کاتە یاساکانی هەرێم و ئەو پارێزگایانەی ڕێکنەخراون لە هەرێمدا بە پێش دەکەون یان بەرایی وەردەگرن).

بە پێی حوکمەکانی ئەو ماددانەی لە دەستووری عێراقیدا هاتووەو لەپێناو ئەو مافانەی تێیدا جێگیرکراون، پەرلەمانی کوردستان دەستیکرد بە هەموارکردن پیادەکردنی هەندێك لە یاساکانی ناوەندی لە هەرێمدا بۆیە بەباشم زانی ئەم کتێبە بچکۆڵەیە لەسەر یاساکانی چەك و حزبەکان و کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردستانیە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان، وەهەندێك یاساو بڕیاری پەیوەست پێیان ئامادەبکەم و بخرێتە بەردەستی دامو دەزگاو وەزارەتەکان و دادگاکان و فەرمانگەکان و دادوەرانی بەڕێز

و پارێزەران و مافپەروەران ومامۆستایانی زانکۆ و کۆلیج و پەیمانگە و قوتابیانی زانست و توێژەران و هاوڵاتییان بەگشتی بە مەبەستی دەوڵەمەند کردنی کتێبخانەی یاسایی و گەشەپێدانی زیاتر لە پێناو پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی شارەزایی یاسایی دەربارەی یاسا بەرکارەکان و دەربارەی ئەو یاسایانەش کە پەرلەمانی کوردستان دایناون بڵاوببێتەوەو بخرێتە بەردەستی هەمووان، کە پێویستیان بە زانینی ئەو حوکمە یاساییانە هەیە و لە پەرلەمانی کوردستان_عێراقەوە دەرچوونە، هەروەها ئاتاجیان بە زانینی ئەو یاسایانەش هەیە کە لە هەرێمدا بەرکارن، ئەمەش لەو پێناوەدایە کە خزمەت بە ڕەوتی یاسایی بکرێت و، کتێبخانەی یاسایی کوردستان دەوڵەمەند بکرێت و، خەڵك بەئاسانی داوایان بکەن و سوودیان لێوەربگرن، بە جۆرێ کە پێوەی ماندوو نەبن و، بە دۆزینەوەی مەتن و، هەموارکراوو،وهەڵوەشاندنەکانی کە بەسەریاندادێت کات بەفیرۆدان نەچێ و، ببێتە سەرژاوە بۆ هەمووان.

**ئامادەکار**
**عەونی بەزاز**
**ئەندامی پەرلەمانی کوردستان_عێراق**
**جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمان**
2010/1/25



کۆبەندی یاساکانی چەك و حزبەکان و کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردستانییە...

## " حوکمە گشتییەکان "

**ماددەی نۆزدەیەم:**

1- ڕێکخراوە کوردستانییە عیراقییە ناحکومیەکان کە ئێستا بەرقەرارن دەبێ لەماوەی شەش مانگدا لەڕۆژی بەکارخستنی ئەم یاسایەوە دەست پێ دەکا هەموو بارودۆخی خۆیان بەجۆرێ بهێنە ژێربار کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا بگونجێ.

2- ئەو ڕێکخراوانەش حوکمی برگە (1)ی ئەم ماددەیە نەهێنەجێ، بە پێی یاسابە هەڵوەشاوە لە قەڵەم دەدرێن.

**ماددەی بیستەم:**

هەر ڕێکخراوێ بە پێچەوانەی ئیلتزامات و پێکهاتنی کە لە ناو هەرێم یا لە دەرەوەی هەرێم بەستبێتی پرۆژەکان جێ بەجێ بکات، ئەوە، لەو بارەیەدا وەزیر بۆی هەیە بە پێی حکومەکانی ئەم یاسایە و یاسا کارپێکراوەکانی دیکە ئەو ڕێکخراوە بداتە دەست دادگا.

**ماددەی بیست و یەکەم:**

ڕێکخراو، بۆی هەیە دوای ڕەزامەندیی وەزیر لق لە پارێزگاکانی هەرێم یان دەرەوەیدا بکاتەوە.

**ماددەی بیست و دووەم:**

کاروباری ڕێکخراوە مروییە غەیرە حکومیە بیانیەکانی ناو هەرێم بە پێرۆیەك کە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بۆیان دادەنێ ڕێك دەخرێ.

**ماددەی بیست و سێیەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی شازدەیەم:**

لەسەر داواکردنی وەزیر یان ئەو کەسەی کە وەزیر دەسەڵاتی پێدەدا،دادگای بیدائی ناوچەی ڕێکخراوەکە دەشێ بە بڕیارێ پاش وەرگرتنی پلەی بنبڕی ڕێکخراوەکە هەڵبوەشێنیتەوە لەم حاڵاتانەی خوارەوەدا:

1- ئەگەر ماوەی ساڵێك بەسەر دامەزراندنی ڕێکخراەکەدا تێپەڕبووبێ و، ڕێکخراوەکە بێ هیچ هۆکارێکی دەسەڵات بەدەر، ئیش و کاری خۆی بەپێی دەقی پێڕۆیی ناوخۆ نەکردبێ.

2- ئەگەر پزاڤەکانی لەوئامانجە لای دابێ کەبۆی دامەزراوە.

3- ئەگەر ڕێکخراوەکە لاوازبووبێ کە نەتوانێ عەهد و پەیمان و ئیلتیزاماتی دارایی و یاسایی خۆی بەجێ بهێنێ.

**ماددەی حەڤدەیەم:**

ئەگەر ڕێکخراوەکە بە ئارەزووی خۆی، خۆی هەڵوەشاندەوە، ئەوە لەو بارەدا هەیئەتەکەی خۆی پاکتاوکارێك (مصفی) یان پتری بۆ دادەنێ، بەڵام ئەگەر دادگا هەڵی بوەشێنیتەوە، ئەوە لەم بارەدا دادگای بیدائی ناوچەی ڕێکخراوەکە پاکتاوکارێکی بۆ دادەنێ وە دەست بەجێ دەست بەسەر موڵك و دارییدا دەگرێ تا پاکتاوکردنی یاسایی تەواو دەبێ.

**ماددەی هەژدەیەم:**

بڕیارەکانی دادگایی بیدائی لەو حاڵەتانەدا کە دەقەکانیان لە ماددەی (16،17)ی ئەم یاسایەدا هاتووە یارای ئەوەیە لەماوەی (15)کە لە ڕۆژی دواتری تەبلیغەکەوە دەست پێ دەکا، لەبەردەم دادگای تەمییزی هەرێمدا تانەی لێ بدرێ.





# یاسای چەك
# ژمارە (16) ساڵی 1993

# یاسای چەك

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان عێراق**

**ژمارەی بڕیار:** 41

**ڕۆژی بڕیار:** 1993/10/5

## بڕیار

به پێی حوکمەکانی بڕگە (1) لە مادده (56)ی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992و لەسەر پێشنیازی وەزیری دادو و پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق لە دانیشتنی ڕۆژی 1993/10/2دا بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە (16)ی ساڵی 1993
## یاسای چەك (*)

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم ووشانەی خوارەوە ماناکانی تەنیشتیانە:

1. **هەرێم:** هەرێمی کوردستانی عێراق.

(*)- ئەم یاسایە لە ژمارە (15)ی ڕۆژی 1993/11/6 ڕۆژنامەی پەرلەمان بلاوکراوەتەوە.



کۆبەندی یاساکانی چەك و حزبەکان و کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردستانییە...

**ماددەی سێزدەیەم:**

ڕیکخراوە پێوستە لە کۆتایی هەموو ساڵێکی دارایی یان لەکاتی زەرورەتدا ئەم ڕاپۆرتانەی خوارەوە پێشکەش بە لایەنە پەیوەندیدارەکان بکات:

1. ڕاپۆرتی ساڵانە کە هەموو داهات و خەرجی تێدابێت.
2. ڕاپۆرتێکی ساڵانەیی مفصەڵ کە هەموو خزمەت و پرۆژەی بەهاناچوون و ئاوادانکردنەوە وپزاڤی مرۆڤایەتی تێدابێت و ئەو لایانەنەش نیشان بدات کە سوددیان لێ وەرگرتووە.
3. ڕاپۆرتێك هەموو پلان و بەرنامەی بەهاناچوون و ئاوەدانکاری فراژوکاریی هەرێمی تێدابێت کە بۆ ساڵی تازەیی دارایی بنیاد دەنرێن.

**ماددەی چواردەیەم:**

1. ڕێکخراوەکە لە مزوگرێی دامەزراندن (رسوم التأسيس) ومزوگرێی تەسدیق کردنی سجلەکانی سەرفرازە (عەفو دەکرێ).
2. سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران یان ئەو کەسەی کە ئەنجوومەنی وەزیران دەسەلاتی داوەتێ بۆی هەیە پەیێی بەند و بەست (ضوابط) ڕێکخراوەکە لە باج ومزوگرێی گومرگ عەفو بکات تا ڕێکخراوەکە ئامانجەکانی خۆی بهێنێتە دی.

**ماددەی پازدەیەم:**

ڕیکخراوەکە بۆی هەیە، دوای ڕەزامەندی وەزیر، ڕێکخراوەکە هەڵبوشێنرێتەوە یا تێکەڵ بیت لەگەڵ ڕێکخراوەیکی دیکە کە ئامانجەکانیان چوون یەك بن و زووربەی ئەندامەکانیشیان ڕازی بن. ئەگەر وەزیریش ڕازی نەبوو ئەوە، لەم بارەدا بڕیارەکەی وەزیر لەبەردەم دادگای تەمییزی هەرێمدا لە ماوەی (15) ڕۆژدا کە لە ڕۆژی دەرچوونی بڕیارەکەوە دەست پێ دەکات تانەی لێ بدرێ.

## بەشی سێ یەم
## دارایی ڕێکخراوەکە

**ماددەی دەیەم:**

ڕێکخراو دارایی خۆی بە بوجەیەکی ساڵانە بەڕێوە دەبات کە بە پێی پێڕۆیی حسابکاریی داریی ڕەسمیەکان ڕێکی دەخا و جێبەجێ ی دەکا. هەمو حساب وحسابکاریەکەش دەکەوێتە ژێر تەدقیقکردنی ڕقابەی دارایی هەرێمەوە.

**ماددەی یازدەم:**

دارایی ڕێکخراوەکە لەمانەی خوارەوە پێك دێ:

1. ئەو بەش و پشکەی کە ئەندامەکان دەیدەنێ.
2. ئەو دەسنگەو خەلات و پیتاك وبەخشیش و وەقف و وەسیەتەی کە تاکە تاکەی خەلك و لایەنی دیکە دەیدەنێ.
3. ئەو داهاتانەی کە ڕێکخراوەکە بەپڕاڤ وچالاکیی وەبەرهێنانی دارایی خۆی دەستی دەکەوێت.

**ماددەی دوازدەیەم:**

ڕێکخراوەکە بۆی هەیە لەگەڵ ڕێکخراوە بیانیەکاندا گرێ بەست بکات یان کۆمەك و پیتاکی ماددی و عەینی لە هەندەرانەوە وەربگرێ، لەو بارەدا پێوستە وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری ئاگادار بکات.



کۆبەندی یاساکانی چەك و حزبەکان و کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردستانییە...

2. **چەکی ئاگرین:** دەمانچە و تفەنگی ئاسایی ڕێژنەکەر و تفەنگی ڕاو، بەلاَم ئەو دەمانچانە ناگرێتەوە کە لە یاریەکانی وەرزش دا بەکاردەهێنرێن یا تفەنگی هەوایی.
3. **چەکی جەنگی:** ئەو چەکەی لەلایەن هێزە چەکدارەکان وهێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی هەرێمەوە بەکاردەهێنرێ جگە لەوانەی لەبڕگە(2)ی سەرەوەدا دیاری کراون.
4. **عەتاد:** گولە و فیشك و یا هەر بەشێکی کە بۆ چەکی ئاگرین بەکاردەهێنرێن.
5. **عەتادی جەنگی:** ئەو زەخیرەیەی بۆ چەکی جەنگی یا بۆ هەر بەشێکی بەکاردەهێنرێ.
6. **چەکی کۆنە یا بۆ یادگاری یا بۆ ڕەمزی:** ئەو چەکەی بێ عەتاد بۆ جوانی یا بۆ یادگار یا وەك ڕەمز هەڵدەگیرێ لەگەڵی دا ئەو چەکانەی وەقف دەکرێن یا لە شوێنە پیرۆزەکان و عەنتیکەخانەکاندا هەن.
7. **دەسەلاَتی مۆڵەتدار:** وەزیری ناوخۆی هەرێم یا ئەو کەسەی دەسەلاَتی دەداتێ و ئەو مۆڵەتانەی لە یاسایەدان ئەو دەیان دا.

**ماددەی دووەم:**

چەکی کۆنە و یادگار و ڕەمزی لە حوکمەکانی ئەم یاسایە بە دەردەکرێن.

**ماددەی سێ یەم:**

نابێ چەکی جەنگ یا بەشەکانی یا عەتادی بهێنرێتە ناوەوە (أستيراد) یا بنرێنە دەرەوە (تصدير) یا لەژێر دەست دا بن (حيازة) یا هەڵبگیرێن (حمل) یادروست یا چاك بکرێن یا بگوێزرێنەوە یا وەربگیرێن (تسليم و تسلم) یا بازرگانی یان پێوە بکرێ .

**ماددەی چوارەم:**

1. نابێ چەكی ئاگرین یا بەشەكانی یا عەتادی بهێنرێتە ناوەوە یا ببرێتە دەرەوە یا دروست بكرێن یا بازرگانی پێوە بكرێن.
2. نابێ چەكی ئاگرین لەژێر دەست دابێ یا هەڵبگیرێ بەبێ مۆڵەتی دەسەلاتی مۆڵەتدان.

**ماددەی پێنجەم:** مۆڵەتەكان ئەمانەن:

1. مۆڵەتی ژێر دەست گرتن و هەڵگرتنی چەكی ئاگرین و عەتادی.
2. مۆڵەتی چاككردنی چەكی ئاگرین.

**ماددەی شەشەم:**

دەسەلاتی مۆڵەت دان بۆی هەیە لەسەر داخوازیەك كە دەیدرێتێ هەریەك لە مۆڵەتەكانی ناو ئەم یاسایە بدا ئەگەر ئەم مەرجانەی خوارەوە لە داخوازدا هەبوو:

أ. دانیشتووی هەرێم بێ.

ب. هەژدە ساڵەی تەمەنی تەواو كردبێ.

ج. حوكم نەدرابێ بەتاوانێكی ناسیاسی یا لەكەداركەری شەرەف نەبێ.

د. كەم ئەندام یا نەخۆشی یەكی ئەقڵی یا دەروونی ئەوتۆی نەبێ كە بەری بەكارهێنانی چەكی لێ بگرن ئەمەش بە ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشكی دەبێ.

ه. ژێر دەستگرتنی چەكەكە مەشروع بێ.

**ماددەی حەوتەم:**

شێوەی مۆڵەتەكان بە ڕێنمایی یەك دیاری دەكرێ كە وەزیری ناوخۆی هەرێم دەری دەكا.

**ماددەی هەشتەم:**

یەكەم: ئەو مۆڵەتانەی لە ماددەی پێنجەمی ئەم یاسایەدا بەم جۆرە دەبن :

1. تەنیا بۆ ئەو كەسە بەكاردەهێنرێن كە بەناویانە.





## بەشی دووەم
## ئامانجەكان و شێوازی كار

**ماددەی هەشتەم:**

ڕێكخراو بۆ وەدیهێنانی ئەمانەی خوارەوە تێدەكۆشێ:

1- بەشداریكردن و هاوكۆمەكی لە بواری بەهاناچوون و ئاوادەنكردنەوە و پزاقی مرۆڤایەتی لە هەرێم و دەرەوەی هەرێمدا بەهەماهەنگی و هاودەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ وە وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوكاری وە وەزارەتە پەیوەندیدارەكانی دیكەدا.

2- هاوكاری لەگەڵ ڕێكخراوە بیانییەكانی ناو هەرێم لە بواری بەهاناچوون وئاوادەنكردنەوە وبزاقی مرۆڤایەتیدا.

**ماددەی نۆیەم:**

ڕێكخراو ئامانجەكانی خۆی لەم ڕێگایانەی خوارەوە دێنیتە دی:

1- ئەو داهاتە داراییەی كە لەبەر دەستیدا هەیە.

2- لە موناقەصە و موزایداتی جێبەجێ كردنی پرۆژە ئاوادەنكاریەكانی كوردستاندا بەشدار دەبێ و گرێبەستی دەكات.

3- پەیوەندی لەگەڵ كوردە پەنابەرو غەریب كەوتووەكانی هەندەرانی كوردستاندا دەكا و، هانیان دەدا كە سەرمایەكانیان لە پرۆژە گەلی بەهاناچوون و ئاوەدانكردنەوەو فراژووكردنی (التنمیة) هەرێمدا وەبەربهێنن.

4- بانگهێشت بكات بۆ سازدانی كۆنفراسی ناوخۆ ونێو دەوڵەتیش بۆلێكۆڵینەوەی مەسەلەی بەرەو چاكتربردن و پێشخستنی پرۆژەكان تا ئامانجەكانیان بێنتەدی.

5- بۆ بەرژەوەندی گشتیی وا دەخوازرێ كە حكومەتی هەرێمیش لەگەڵ ڕێكخراوەكەدا بۆ جێ بەجێ كردنی پرۆژەی فراوژكارییەكان لەهەرێمدا هاوپشك وبەشداری بكات.

بکاتەوە تا کەم و کورتیەکانی بهێنەوە سەر بار، ئەوجا ماوەی براندنەوەی داواکارییەکە لە ڕۆژی داواکاریە تازەکەوە حساب دەکرێ.

2- ئەگەر هاتوو وەزیر لەبەر هەر هۆیەك بێت داواکارییەکەی ڕەت کردەوە، ئەوا لەو بارەدا ئەندامانی دامەزرێنەر بۆیان هەیە لە دادگای تەمییزی هەرێمدا تەمییزی بکەنەوە لەماوەی پازدە ڕۆژدا لە ڕۆژی تەبلیغ کردنیەوە دەست پێ دەکا. بڕیارەکەش لەلایەن دادگاوە دەبڕدرێتەوە.

3- ئەگەر هات و داواکارییەکە لەو ماوەیەدا کە لە برگەی (1)دا هاتووە نەبڕێندرایەوە، ئەوا لەو بارەدا بە قبولکراو لە قەڵەم دەدرێ.

**ماددەی شەشەم:**

لە پێڕۆی ناوخۆی ڕێکخراوەکەدا دەبێ هەموو ئەو حوکمانە دیاری بکرێن کە پەیوەندییان بە ڕێکخستنی کاروباری ئیداری و دارایی و هونەریی و چۆنێتی دانان و دامەزراندنی کەسانی سەر بە ڕیکخراوەکە و قبولّ کردنی ئەنداماکانیەوە هەیە.

**ماددەی حەوتەم:**

ڕیکخراوەکە دەبێ ئەم سجل وتومارانەی خوارەوەی ڕابگرێ بەمەرجێ لەدائیرەی کاتب عەدل تەسدیق کرابن:

1- سجلی ئەندامان و ئەوانەی سەر بە ڕێکخراوەکەن.

2- سجلی بڕیار و مەحزەری دانیشتنەکان.

3- سجلی پڕۆژەکان.

4- سجلی حساب و حسابکاری.

5- سجلی ئەموال و کەلوپەلەکان.





2. بۆ ماوەی دوو ساڵ لە ڕۆژی دەرکردنیانەوە کاریان پێ دەکرێت.

3. دەبێ لە حاڵەتی مۆڵەت دان و تازەکردنەوەدا ئەو ڕەسمەیان لەسەر بدرێ کە لە لیستی پاشکۆی ئەم یاسایەدان.

دووەم: دەسەڵاتی مۆڵەت دان لە مۆڵەتەکەدا هەندێ ئەو عەتادە دیاری دەکا کە دەبێ هەیبێ بەمەرجێ لە سەد و بیست گوللە بۆ دەمانچە و تفەنگ و دوو سەد فیشەك بۆ تفەنگی ڕاو زیاتر نەبێ.

**ماددەی نۆیەم:**

دەبێ خاوەنی مۆڵەت لە ماوەی (90) ڕۆژدا لە ڕۆژی تەواو بوونی ماوەکەیە داخوازی یەك بۆ نوێ کردنەوەی مۆڵەتەکەی بدات بە دەسەلاّتی مۆڵەتدان.

**ماددەی دەیەم:**

مولّەت لەم حالاّتانەی خوارەوەدا پووچ دەبێتەوە و خاوەنەکەی یا هەر یەکێك کە جێگەی دەگرێتەوە بە میرات گرانی بیدا بە دەسەلاّتی مولّەتدان بۆ تۆمارکردنی پووچبونەوەی:

1. مردنی خاوەن مۆڵەت.

2. نەمانی یەکێك لە مەرجە یاسایی یەکانی مۆڵەت.

3. دەرچوونی بڕیارەکانی دادوەریی بنبڕ بە دەست بەسەرداگرتنی چەکەکە.

4. دەرچوونی چەکەکە و عەتادەکەی لە مولکیەتی مۆڵەتدار بۆ کەسێکی تری مۆڵەت پێدراو.

5. پێشکەش نەکردنی داخوازیی نوێ کردنەوە لە ماوە یاسایی یەکەدا.

**ماددەی یازدەم:**

1- دەبێ مولّەت دراو لە حاڵەتی پوچ بوونەوەی مولّەتەکەی دا دەستوبرد چەکەکەی بەرامبەر پسوولەیەك بدا بە مەڵبەندی پۆلیسی نیشتەجێی و بۆی هەیە لە ماوەی (180) ڕۆژدا ئەو چەکە و عەتادەکەی بفروشێ یا بە شێوەیەکی یاسایی بیدا بە هەرکەسێکی تر کە مەرجەکانی مولّەت پێدانی تێدابن دەنا دەسەلاّتی مولّەت دان بۆی هەیە چەکەکەو عەتادەکەی بۆ سوودی خاوەنەکەی بەپێی یاسای فرۆشتن و بە کرێ دانی ماڵ و موڵکی دەوڵەت بیفروشێ و بیدا بەو کەسەی مولّەتی هەڵگرتن یا ژێر دەستخستنی دراوەتێ.

2- لە حاڵەتی مردنی مۆڵەت دراو حوکمەکانی برگە (1)ی ئەم ماددەیە دەسەپێنرێ و دەبێ میرات گرانی یا هەر یەکێك کە جێگەیان دەگرێتەوە ئەو ئەرکانە بەجێ بێنن کە تیایدا دیاری کراون وە دەسەلاّتی مۆلّەت دان پارەکەی دەداتە دادگای پەیوەندی دار بۆ دابەش کردنی بەسەر بەشگراندا.

**ماددەی دوازدەیەم:**

1. ئەم کەسانە لە مۆڵەتی ژێردەستگرتن و هەڵگرتنی چەکی ئاگرین و عەتادەکەی بە دەردەبن:

**یەکەم:** پێشەوای هەرێم یا ئەو کەسەی جێگەی دەگرێتەوە.

**دووەم:** سەرۆك و ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی هەرێم.

**سێیەم:** سەرۆك و ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم و هەر یەکێك بە پلەی وەزیر بێ.

**چوارەم:** بریکاری وەزارەتەکان و پلەی تایبەتی وسەرۆکەکانی وەحدە ئیدارییەکان.



کۆبەندی یاساکانی چەك و حزبەکان و کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردستانییە...

ئیمزای دەکەن. دەبێ ئەهلییەتی یاسایان هەبێ و هاوپێچی پێڕۆیی ناوخۆی لەگەڵدابێ کە ئەم بەیاناتانەی خوارەوەشی تێدا بێ:

أ- ناوی ڕێکخراوەکەو مەبەستی دامەزراندنی ڕێکخراوەکە بە مەرجێ مەرکەزی ئیدارەکەی لە ناو هەرێمدا بێت.

ب- ناو، نازناو، جنسیە، تەمەن، پیشە، جێگای دانیشتن و ئەهلیەتە زانستی یەك بە یەکی ئەندامەکان.

ج- داهاتی دارایی و سەرچاوەکانی داهاتی ڕێکخراوەکە.

د- ئەو هەیئەتانەی کەڕێکخراوەکە دەنوێنن وئیدارەکەی دەگرنە ئەستۆ،لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ئیشوکارو شێوازی بەگەنکردن و کۆتایی هێنانیان.

1. دەبێ مەبەست لە دامەزراندنی ڕێکخراوەکە روون وئاشکرا بێت و ڕاگەیەنرابێ وە لەگەڵ پێڕۆی گشتیدا (النظام العام) پێچەوانە نەبێت.
2. دەبێ ڕێکخراوەکە بە ڕێگا و شێوازی مەشروع وە بەپێی حوکمەکانی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم مەبەستەکانی خۆی بپێکێ وە لەگەڵ پێداویستی پێڕۆیی حوکمی فیدراڵیشدا پێچەوانە نەبێ.
3. نابێ ئامانجی ئەوە بێت کە تۆوی دووبەرەکی و جیاوازی لە نێوان نەتەوەو ئایین و مەزهەبە جۆراوجۆرەکان بچێنێ.

**ماددەی پێنجەم:**

1- وەزیر دەبێ لە ماوەی شەست ڕۆژدا کە لە ڕۆژی لە وەزارەت تۆمارکردنی داواکارییەکەوە دەست پێ دەکا سەیری داواکارییەکە بکا و بیبڕێنێتەوە. خۆ ئەگەر داواکارییەکە شەرت و شرووتی یاسایی تەواو بەجێ نەهێنابوو، ئەوە لەو بارەدا وەزیر هەواڵەی دامەزرێنەرەوەکانی

## بەشی یەکەم
## دامەزراندن

**ماددەی دووەم:**

1. ڕێکخراو دەستەیەکی سەربەخۆی غەیر حکومییە، لەچەند کەسانێکی تەبیعی پێك هاتووە، بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆی لە بواری بەهاناچوون و ئاوەدانکردنەوە و پزاڤی مرۆڤایەتیی لە هەرێمدا دادەمەزرێ.
2. ئەم ڕیکخراوە خاوەن شەخسییەتی مەعنەویی خۆیەتی وبۆی هەیە لەپێناو وەدیهێنانی ئەوئامانجانەی دەقەکانیان لەم یاسەیەدا هاتووە مولّکایەتیی مولّك و ماڵی دەست هەڵگرو دەست هەڵنەگر (الأموال المنقولة و غیر المنقولة)ی ببێ.
3. ئەم ڕێکخراوە دەشێ دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیی وەزیر، چالاکی مرۆڤایەتیی خۆی لە دەرەوەی هەرێمیشدا پیادە بکات.
4. ئەم ڕێکخراوە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆی نەبێ هەوڵی وەدەست هێنانی هیچ سوود و قازانجێکی مادی نادات.

**ماددەی سێ یەم:**

ئەو کەسەی کە لەبەردەم دادگاکان و لایەنە ڕەسمی و نارەسمیەکاندا دەبێ بە نوێنەری ڕێکخراوەکە تەنیا سەرۆکی ڕێکخراوەکە خۆیەتی یان ئەو کەسەیە کە سەرۆکەکە ئەو نوێنەرایەتییەی پێ دەسپێرێ.

**ماددەی چوارەم:**

بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوەکە مەرجە ئەم شەرت وشەرووتانە هەبن:

1- ئەندامانی دامەزرێنەری ڕێکخراوەکە نابێ لە پێنج ئەندام کەمتر بن.
ئەمانە داواکارییەك پێشکەش بە وەزیری ناوخۆ دەکەن وهەموویان





**پێنجەم:** دادوەر و قازی و ئەندامانی داواکاری گشتی و لێکۆڵەرەوە دادگەرەکان.

2- دەشێ ئەفسەرانی هێزە چەکدارەکان چەکی ئاگرینیان لە ژێر دەستدا بێت یا هەڵیبگرن بە باوەڕنامەیەکی بێ ڕەسم لێدان کە وەزیر دەری دەکا و بۆی هەیە دوای خانەنشینکردنی ئەگەر بە ڕوتبەی (ڕائد)و بەرەو ژووربوو باوەڕنامە بێ ڕەسم لێدانەکەی بەشێوەیەکی هەمیشەیی لەلا بمێنیتەوە و دوای مردنی حوکمی باوەڕنامەکە دەچێ بۆ گەورترین منداڵەکانی و ئەگەر مەرجە یاساییەکان هەبوون بە مولّەتێکی ڕەسمی دادەنرێ.

3- دەشێ ئەفسەران و مفەوەزەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ چەکی ئاگرین و عەتادەکەیان لە ژێر دەستدا بێت یا هەڵیبگرن بە باوەڕنامەیەکی بێ ڕەسم لێ دان کە وەزیری ناوخۆ یا ئەوەی دەسەلاّتی دەداتێ دەری دەکا و ئەفسەر بۆی هەیە دوای خانەنشین کردنی ئەگەر بە ڕوتبەی (ڕائد) و بەرەوە ژووربوو باوەڕنامە بێ ڕەسم لێدانەکەی بەشێوەیەکی هەمیشەیی لەلا بمێنیتەوە و دوای مردنی حوکمی باوەڕنامەکە دەچێ بۆ گەورترین منداڵەکانی و ئەگەر مەرجە یاساییەکان هەبوون بە مولّەتێکی ڕەسمی دادەنرێ.

**ماددەی سێزدەیەم:**

1- ئەگەر مۆڵەتدراوی ژێردەستگرتن و هەڵگرتنی چەکی ئاگرین ئیدیعای بزربوون یا فەوتانی مولّەتەکە یا بزربوونی چەکە مولّەت پێدراوەکەی کرد دەسەلاّتی مولّەت دان دەبێ داوای لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ.

2- ئەگەر بزربوون و فەوتانی مولّەتەکە سەلمێنرا خاوەنەکەی مولّەتێکی نوێی لە جێگەی بزربووەکە دەدرێتێ کە هەمان ژمارەی مولّەتەکەی

پێشووی لێدەدرێ و زانیاری یەکانی تێدا دەبێ ئەمەش بەرامبەر بە ڕەسمێکی دووجای ڕەسمی مولەتە بزربووەکە.

3- ئەگەر بزربوون و فەوتانی چەکەکە سەلمێنرا دەبێ خاوەنەکەی مولەتەکەی بدا بە دەسەڵاتی مۆڵەت دان بۆ پووچکردنەوەی و ئەوسا دەشێ مۆڵەتێکی نوێی بۆ چەکێکی تری بدرێتێ.

4- ئەگەر دەرکەوت ئیدیعای مولەتەکە یا فەوتانی یا بزربوونی چەکەکە ڕاست نیە دەبێ دەسەڵاتی مۆڵەت دان خاوەنەکەی بنێردرێتە لای دادوەری لێکۆڵینەوە تا چی پێویستە بیکا بۆ ئەوەی بدرێ بە دادگای پەیوەندیدار و ئەگەر سەلمێنرا دەبێ بەپێ ی حوکمی یاسا سزا بدرێ و مۆڵەتەکەشی پووچ بکرێتەوە و لایەنی مولەتدانی لێ ئاگادار بکرێ.

5- ئەگەر بزربوون و فەوتانی ئەو باوەڕنامەیەی دراوە بە ئەفسەرانی هێزە چەکدارەکان سەلمێنرا وەزیری کاروباری پێشمەرگە یا ئەوەی دەسەڵاتی دەداتێ بۆی هەیە باوەڕنامەیەکی بێ ڕەسم لێدانی نوێ ی بداتێ.

6- ئەگەر بزربوون و فەوتانی ئەو باوەڕنامەیەی دراوە بە ئەفسەران و مفەوەزەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ سەلمێنرا وەزیری ناوخۆ یا ئەوەی دەسەڵاتی دەداتێ بۆی هەیە باوەڕنامەیەکی بێ ڕەسم لێدانی نوێ ی بداتێ.

**ماددەی چواردەیەم:**

1- دەسەڵاتی مولەت دان بۆی هەیە ژێردەستگرتن و عەتادەکەی بەبێ ڕەسم بدا بەو فەرمانبەرانەی دەوڵەت کە ئەرکی فەرمانگەکانیان بە لایەنگیریی فەرمانگەکانیان دەیخوازێ لە حاڵەتی نەمانی ئەو ئەرکەدا فەرمانگەکان دەسەڵاتی مولەتدانی لێ ئاگادار دەکەن کە ئەوسا مولەتەکان پووچ دەبنەوە و دەبێ لە ماوەی (7) ڕۆژدا لە ڕۆژی نەمانی





## یاسای ڕێکخراوە کوردستانیە
## غەیرە حکومییەکانی هەرێمی کوردستان

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئە نجوومەنی نیشتمانیی کوردستان عێراق**

**ژمارەی دەرهێنان:** 15

**ڕۆژی دەرهێنان:** 2001 / 10/ 24

**(بڕیار)**

پشت بە حکومەکانی بڕگە (1)ی ماددەی (56) و ماددەی (53) لە یاسای ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992 و لەسەر داوای ئەنجوومەنی وەزیران و ئەو یاساکارییەش کەئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە(9)ی 2001/10/23 ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە (3)ی یاسای ژمارە (10)ی ساڵی 1997 پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسای ژمارە (15)ی ساڵی 2001**

**یاسای ڕێکخراوە کوردستانیە غەیرە حکومییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق (*)**

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە لەم یاسایەدا ماناکانی بەرامبەریانە:

1. هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.
2. وەزاەت: وەزارەتی ناوخۆ.
3. وەزیر: وەزیری ناوخۆ.
4. ڕێکخراو: هەر ڕێکخراوێکی کوردستانیی غەیرە حکومییە کە بەرژەوەندی گشتیی بەهاناچوون و ئاوەدان کردنەوە و پزاڤی مرۆڤایەتیی لە خۆ گرتبێ.

(*)- ئەم یاسایە لەژمارە (22) ی ڕۆژی 2001/10/31 لە (وەقایعی کوردستان) بلاوکرایەوە وە هەروەها لە ڕۆژنامەی پەرلەمان ژمارە (66)ی ڕۆژی 2001/12/27.

ئەركەكەوە چەكەكە بدەنە دەسەڵاتی مۆڵەت دان . بەڵام دەشێ مۆڵەتی ئەو چەكەیان بەپێ ی حوكمەكانی ئەم یاسایە پێ بدرێ.

2- دەشێ چەكی حوكمەت وعەتادەكەی بگەرێندرێتەوە بۆ ئەو فەرمانبەرانەی دەوڵەت كە لە بڕگەی سەرەوەدا دیاری كراون بەڵام ئەو چەك و عەتادەیان بۆ تەرخان ناكرێ تا مۆڵەتی ژێر دەستگرتن و هەڵگرتن وەرنەگرن كە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بەبێ ڕەسم دەیاندرێتێ و ئەو فەرمانگەیەش دەبێ دوای نەمانی سیفەتی فەرمانبەری یەكەیان ئەو چەكە ئاگرینەو عەتادەكەی بدەنەوە بەو لایەنی تەرخانی كردبوون.

3- ئەو كەسەی ئەو چەكە ئاگرین و عەتادەكەی بزر دەكا كە بەپێ ی ئەم یاسایە پێی سپێردراوون پێنج جای نرخە خەملێنراوەكەی لەكاتی بزربوونیاندا لێی دەستێنرێ ئەگەر لە ئەنجامی كەمتەرخەمی ی خۆیدا بوو یا سێ جای نرخەكەیان لە حاڵەتەكانی تردا جگە لەو سزا (أنضباطی) یانەی بەسەریاندا دەسەپێنرێن.

**ماددەی پازدەیەم:**

وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە بەخشینی مۆڵەتی ژێردەستگرتن و هەڵگرتنی چەكی ئاگرین لە گشت ناوچەكانی هەرێمدا یا لە بەشێكیدا بۆ ئەو ماوەیەی لە بڕیارەكەدا دیاری دەكا ڕابگیرێ، ئەگەر شتێك ڕووی دا وا پێوست بكا.

**ماددەی شازدەیەم:**

پارێزگار بۆی هەیە بەیاننامەییەك سەبارەت بەم كاروبارانەی خوارەوە دەربكاو دەبێ بە یەكێك لە ڕێوشوێنەكانی ڕاگەیاندن بڵاوبكرێتەوە:

1- قەدەغەكردنی هەڵگرتنی چەكی ئاگرین لەلایەن مۆڵەتدراوانەوە لە كاتی پێوستدا و بۆ ئەو ماوەیەی دیاری دەكا لە هەموو ناوچەكانی

پارێزگا یا لە بەشێکیدا و بۆی هەیە لەبەر چەند هۆییەکی شیاو هەندێ لە مۆڵەتدراوانی لێ دەربکا.

2- ڕێ نەدان بە خەڵکێکی دانیشتووی دەرەوەی سنووری شارەوانی یەکان بە هاتنە ناوەوەی بە چەکەوە بۆ ماوەیەکی کاتی ئەگەر بەرژەوەندی گشتیی وەهای خواست.

3- قەدەغەکردنی تەقە لە بۆنە گشتیی و تایبەتی یەکاندا لە ناو شار و شارۆچکەو گوندەکاندا.

4- وەرگرتنی چەکی ئاگرین بە پسوولەیەك لە خاوەنەکانیان مۆڵەت دراو بن یا بێ مۆڵەت بۆ ئەو ماوەیەی دیاری دەکا، هەر کاتێك هۆیەکەی لە ئارادا نەما بڕیاری گەڕاندنەوەیان دەدا لەگەڵ ڕەچاوکردنی حوکمەکانی ماددەی بیستەمی ئەم یاسایە سەبارەت بە مۆڵەتەکان.

**ماددەی حەڤدەیەم:**

1- دەشێ کەسێکی بیانی چەکی ئاگرین وعەتادەکەی لە ناو سنوری هەرێمدا بە پێ ی حوکمەکانی ئەم یاسایە هەڵبگرێ.

2- ئەو کەسە کە هاتە ناو هەرێمەوە دەبێ چەکە ئاگرین و عەتادەکەی بەرامبەر بە پسوولەیەك بدا بە نزیکترین مەڵبەندی پۆلیس و دەبێ مەڵبەندەکەش دەسەڵاتی مۆڵەتدانی لێ ئاگادار بکا و خاوەنەکەی بۆی هەیە مۆڵەتی بۆ وەربگرێ و ئەگەر نا چەکەکە و عەتادەکەی لە کاتی دەرچوونی دا لەهەرێم دەیدرێتەوە. ئەگەریش بە نیازی خراپ سەرپێچی کرد بە فەرمانی دەسەڵاتی موڵەتدان دەست بەسەر چەکەکەی و عەتادەکەی دەگیرێ جگە لەو سزایانەی تر کە بەپێ ی ئەم یاسایە بەسەریدا دەسەپێنرێت.

**ماددەی هەژدەیەم:**



کۆبەندی یاساکانی چەك و حزبەکان و کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردستانییە...

## یاسای ڕێکخراوە کوردستانیە غەیرە حکومییەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە(15)ی ساڵی 2001

وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە ماوە بداتە ئەو کەسەی چەکی لە دەرەوەی عێراقدا لەگەڵ خۆیدا هێناوە دەمانچە و یەك و تفەنگی ڕاو و عەتادەکەیان لە فەرمانگەی گومرگ دەربکا دوای پەسەندکردن لەلایەن دەسەڵاتی مۆڵەت دانەوە و دوای بوونی مەرجە یاسایەکان لە خاوەنەکانیان دا بە ژێردەستگرتن و هەڵگرتنی ئەو چەکانە و دەبێ ڕەسمی گومرگی پێوستیان لێ بدرێ و ماوەدانەکەی ئەو کەسەش جار دەبێ .

**ماددەی نۆزدەیەم:**

هەر کەسێك خەبەری دا کە چەکی بێ مۆڵەتی لە ژێر دەستدایە لە سزا دەبەخشرێ و دەسەڵاتی مۆڵەتدان بۆی هەیە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە مۆڵەتی بداتێ لە حاڵەتی بڕیارنەداندا حوکمی ماددەی یازدەمی بەسەردا دەسەپێنرێ.

**ماددەی بیستەم:**

1- دەبێ دەسەڵاتی مۆڵەتدان بەیانامەییەك لە دەزگای ڕاگەیاندنەوە بلاّو بکاتەوە داوا لە خاوەنەکانی ئەو چەکانە بکا بەپێی بەیانامە تەسلیم بە دەسەلاّتەکانی میری کراون لە ماوەی (10) ڕۆژدا لە ڕۆژی بلاّوکردنەوە بچنە لای دەسەلاّتی مۆڵەت دان ئەگەر مۆڵەت پێدراو نەبوون و مەرجی یاسایی یان تێدا هەبوو. بەلاّم لە حاڵەتی نەچوونیان دا بە کۆتایی هاتنی ماوەکە دەسەلاّتی مۆڵەتدان دەست بەسەر چەکەکانیان دادەگرێ و بە (مستودع)ی پۆلیسیان دەسپێرێ.

2- لەحاڵەتی مۆڵەت نەدانی لەلایەن دەسەلاّتی مۆڵەتدانەوە بەو بێ مۆڵتانەی لەماوەی دیاریکروای برگە(1)ی ئەم ماددەیەدا مراجەعەتیان

كردبوو چەكەكە دەدرێ بەو دەسەڵاتە بۆ فرۆشتنی لەسەر حسابی خاوەنەكەی بەپێی حوكمی ماددەی یازدەمی ئەم یاسایە.



كۆبەندی یاساكانی چەك و حزبەكان و كۆمەڵەو رێكخراوە كوردستانییە...

**ماددەی بیست و دووەم:**

1- پێویستە لەسەر ئەو كۆمەڵانەی كە هەنە باری خۆیان لەماوەی (6) مانگ لەرۆژی بەكاركەوتنی ئەم یاسایە بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە بگونجێنن.

2- هەر كۆمەڵەیەكی كەخۆی بەحوكمی برگە(1)ی ئەم ماددەیە نەبەستێتەوە بە پێی یاسا بە هەڵوەشاوە دادەنرێ.

**ماددەی بیست و سێیەم:**

كاروباری رێكخراوە كوردستانییەكانی كە لەبواری یارمەتیدان وئاوەدانكردنەوە كار دەكەن، بەپێی یاسایێكی تایبەت رێك دەخرێن.

**ماددەی بیست و چوارەم:**

بە هیچ دەقێكی تر كار ناكرێت كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ.

**ماددەی بیست و پێنجەم:**

وەزیری ناخۆ بۆی هەیە بۆ ئاسانكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە رێنمایی پێویست دەربچوێنێ.

**ماددەی بیست و شەشەم:**

دەبێ وەزارەتە پەیوەندارەكان حوكمەكانی ئەم یاسا جێ بەجێ بكەن.

**ماددەی بیست و حەوتەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوكردنەوەی لە رۆژنامەی رەسمی دا كاری پێ دەكرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**كوردستانی عێراق**

بەکاربوونەکەیەوە، ئەوەی لەسەرەوەدا هاتووە هەمووی تەنیا لەگەڵ مافی شارستانییدا دەگونجێ.

2- ناتوانرێ داواکردنی بەتاڵ کردنەوە ئاراستەی کەسانی نیاز پاك بکرێ، ئەوانەی کەهەندێ مافیان چنگ کەوتووە لەسەر بنچینەی بڕیارو کارە تانووت لێدراوەکان.

**ماددەی نۆزدەیەم:**

نابێ کۆمەڵەی سەربازیی یا نیمچە سەربازیی نا حکوومەتی دابمەزرێ هەروەها نابێ کۆمەڵەی پیشەیی پێك بهێنرێ، تەنیا مەگەر لەو کەسانە دابمەزرێ کە هاوپیشەن.

**ماددەی بیستەم:**

کۆمەڵە لەرەسمی دامەزراندن و لەرەسمی تەسدیق کردنی تۆمارەکانی دەبووردرێ.

**ماددەی بیست و یەکەم:**

هەر ئەندامێك لە ئەندامانی ئەنجوومەن بەڕێوەبردنی کۆمەڵەو ئەنجوومەنەکانی بەڕێوەبردنی لقەکانی بەلێ سەندنی گۆڕمە (مبلغ) پارەیەك سزا دەدرێ بەمەرجێ لە (500) دینار زیاتر نەبێ و لە (100) دیناریش کەمتر نەبێ لەگەڵ ئەوەش بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە کۆمەڵە هەیە ئەگەر دەرچوو کە کۆمەڵە:

1. ئەو تۆمارانەی ڕێك نەخست بێ کە لەم یاسایەدا هاتوون وگوێی بەمەرجە دیاری کراوەکانی نەدابێ.
2. ئەگەر لایەنی تایبەت بەو کاروبارانەی ئاگادار نەکردبێتەوە کە بەپێی یاسا دەبێ پێی ڕابگەیەنرێ.
3. ئەگەر ئەندامێکی وەرگرت بێ وەمەرجی ئەندامێتی بە پێی پێڕەوی ناوخۆی لێ نەیەتە جێ.





**ماددەی بیست و یەکەم:**

1/ أ- ئەوەی قاچاغچی یەتی بە چەکی جەنگی یا بەشەکانی یا بە عەتادی یەوە بکا یا ژێردەستی خۆی بخا یا هەڵیبگرێ یا بیگوازێتەوە یا بازرگانی پێوە بکا یا چاکی بکا یا دروستی بکا بە زیندانی (سجن) کردن سزا دەدرێ.

ب- ئەوەی قاچاغچێتی بەچەکی جەنگی یا بەشەکانی یا عەتادی یەوە بکا بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ئیرهاب یان تێکدانی ئاسایشی گشتیی یا پشتگیرکردنی یاخی بوونێك دژی حکومەتی هەرێم بکا سزاکەی زیندانەکردنی هەتا هەتایی (سجن المؤبد) دەبێ.

2/ أ- ئەوەی قاچاغچێتی بە چەکی ئاگرین یا بەشەکانی یا عەتادی یەوە دەکا یا دروستی دەکا یا بازرگانی پێوە دەکا بە زیندانی کردن سزا دەدرێ.

ب- ئەوەی قاچاغچێتی بە چەکی ئاگرین یابەشەکانی یا عەتادییەوە بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ئیرهاب یان تێکدانی ئاسایشی گشتیی یا پشتگیرکردنی هەر یاخی بوونێك دژی حکومەتی هەرێم بکا سزاکەی زیندانی کردنی هەتا هەتایی دەبێ.

3/ ئەوەی بەبێ مۆڵەت پێدان لەلایەن دەسەلاتی مۆڵەتدانەوە چەکی ئاگرین یا عەتادەکەی لە ژێر دەستدا بێت یا هەڵی بگرێ بە بەندی کرن (حبس)کە لەیەك ساڵ کەمتر نەبێ و غەرامەکەی لە دوو هەزار دینار زیاتر و یەك هەزار دینار کەمتر نەبێ یا یەکێك لەو دوو سزایە، سزا بدرێ.

4- أ- ئەوەی مۆڵەتی هەڵگرتنی چەکێکی ئاگرینی هەبێ و لە خۆپیشاندانێك یا کۆڕو کۆمەڵێك دا (تجمع) هەڵبگرێ بە بەندکردن کە

لە یەك ساڵ كەمتر نەبێ و بە غەرامە كە لە دوو هەزار دینار زیاتر و یەك هەزار دینار كەمتر نەبێ یا یەكێك لەو دوو سزایە، سزا بدرێ.

ب- ئەوەی چەكی ئاگرینەی بێ مۆڵەت لە كاتی بەشداربوونی لە خۆپیشاندانێك یان كۆڕوكۆمەڵێكدا هەڵبگرێ سزاكەی زینداكردنی كاتی (مؤقت) دەبێ.

5/ جگە لەوەی لە بڕگەكانی پێشووی ئەم ماددەیەدا دیاری كراوە ئەوەی سەرپێچی لە هەر حوكمێك لە حوكمەكانی ئەم یاسایە یا ئەو ڕینمایی و بەیاننامانە بكا كە بەپێی ئەم دەردەكرێن بە ماوەیەكی بەندی كردن (حبس) كە لە دووساڵ زیاتر نەبێ و بە غەرامەكە كە لەیەك هەزار دینار زیاتر نەبێ و پێنج سەد كەمتر نەبێ یا بە یەكێك لەو دوو سزایە سزا دەدرێ.

**ماددەی بیست و دووەم:**

1- دادگا حوكم بە سزاكانی ماددە بیست و یەكەمی ئەم یاسایە دەدا سەرباری ئەو غەرامانەی فەرمانگەكانی گومرگ بەپێ ی یاسای گومرگ دەیان سەپێنن.

2- ئەگەر دادگا حوكمی بە سزایەك لەو سزایانە دەركرد كە لە بڕگە (1و2)ی ماددەی بیست و یەكەمی ئەم یاسایەدا هەن دەبێ حوكم بدا بە دەست بەسەراگرتنی(مصادرة)چەكەكەو بەشەكانی وعەتادەكەی و ئەو هۆیانەی گواستنەوەیان كە بۆ كردنی تاوانەكە بەكارهێنراون لەگەڵ ڕەچاوكردنی حاڵەتی خاوەن ئوتومبیلی نیازپاك (حسن النية) ئەمە جگە لەو كێشە گومرگیانەی فەرمانگەكانی گومرگ خاوەن دەسەلاتن لە سەپاندنی سزای دەست بەسەرداگرتنی هەیە.



کۆبەندی یاساکانی چەك و حزبەكان و كۆمەڵەو ڕێكخراوە كوردستانییە...

**ماددەی شازدەیەم:**

دوای تەواوكردنی پاكتاوكردنەكە، پاكتاوكارەكان دەست دەكەن بە دابەش كردنی ئەو پارانەی كەماون بە پێی پێڕەوی ناوخۆی كۆمەڵە، ئەگەر بۆ ئەمەش دەقێك لەناو ئەو پێڕەوەدا نەبوو، یاخود هەبوو، بەڵام ڕێگەی دابەش كردنەكەی لەتوانا بەدەربوو، لەو كاتەدا ماڵی ئەو كۆمەڵە هەڵوەشێنراوەیە بۆ ئەو كۆمەڵەیە یان ئەو كۆمەڵانەی كە ئامانجیان نزیكە لە ئامانجی یاخود دەدرێت بە هەر لایەنێكی خێرخواز كە ئەنجوومەنی وەزیران دەستنیشانی دەكات.

**ماددەی حەڤدەیەم:**

1. وەزیری ناخۆ بۆی هەیە كە لەهەر لادانێكی یاسایی كۆمەڵە ئاگادار بكاتەوە.
2. كۆمەڵە بۆی هەیە ئیعتراز لە بڕیاری وەزیری ناخۆ بگرێ لەبەردەم دەستەی گشتیی دادگای تەمییزی هەرێمی كوردستانی عێراق لە ماوەی (30) ڕۆژ لە پێڕاگەیاندنی بڕیارەكە.

**ماددەی هەژدەیەم:**

1- هەموو بڕیارێكی دەستەی گشتیی كە لەگەڵ یاساو پێڕەوی ناخۆ دروست نەبێ و یا هەركارێكی دەستەی بەڕێوەبەری كۆمەڵە و ئەنجومەنەكانی بەڕێوەبردنی لقەكان بیكەن و لە سنووری كاری خۆیان دەربچێ یاخود نادروست بێ لەگەڵ حوكمەكانی یاسا و پێڕەوی ناوخۆ یان بڕیارەكانی دەستەی گشتیی، دەشێ بە حوكمی دادگای بەرایی (بداءة)كە مەڵبەندی گشتیی كۆمەڵە سەر بە ئەوە، لەسەر داوای كەسێكی خاوەن بەرژەوەند هەڵوەشێنرێنەوە، ئەمەش لەماوەی (60) ڕۆژ لە دەرچوونی بڕیارەكەوە دەبێ، یاخود لە ڕۆژی دەست

2- ئەگەر لە چالاکییەکانیدا لەو هۆیانەی لادا کە لە ماددەکانی (چوارەم و پێنجەم)ی ئەم یاسایەدا هاتوون.

3- ئەگەر کۆمەڵە نەیتوانی بەڵێنەکانی خۆی بەجێ بگەیەنی یاخود پارەکەی خۆی یان قازانجی پارەکانی بۆ غەیری ئەو ئامانجانە تەرخان کرد بۆی دروست بووە.

4- ئەگەر چەك و تەقەمەنی لەمەڵبەند یا لە یەکێك لەلقەکانی خۆی دا عەمبار بکات.

**ماددەی چواردەیەم:**

1- دادگا بەگورجی سەیری داوای هەڵوەشاندنەوەکە دەکات وبڕیارەکەی لەرۆژنامە ناوخۆییەکاندا لە ماوەی هەفتەیەك لە مێژووی دەرچوونیەوە بلاو دەکاتەوە ئەوەی مەغدوورە بۆی هەیە ئەو حوکمە لەلای دەستەی بالای دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستان لەماوەی (30) رۆژ لە مێژووی بلاوکردنەوەی تەمییزی بکات.

2- ئەگەر دادگا داواکەی هەڵوەشاندنەوەی ڕەتکردەوە، ئەوە بۆی هەیە کرداری تانووت لێدانەکە لەکاربخات.

**ماددەی پازدەیەم:**

کاتێك کۆمەڵەکە هەڵوەشێنرایەوە، پاکتاو کەرەوەیەك یان زیاتری بۆ دادەنرێ و، ئەم دانانەش دەستەی گشتیی کۆمەڵە دەیکات ئەگەر هەڵوەشاندنەوەکە بە ئارەزووی خۆیان بێ، یاخود دەستەی گشتیی دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستانی عێراق دایدەنێ ئەگەر هەڵوەشاندنەوەکە قەزایی بێت و دادگای بەرایی (بداءة)ش هەر ئەو دەمە دەستی بەسەر دادەگرێ تاکو پاکتاوەکەی دەکرێ.



کۆبەندی یاساکانی چەك و حزبەکان و کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردستانییە...

3- أ- ئەگەر دەسەلاتی گومرگی پەیوەندی دار بڕیاری دەست بەسەرداگرتنی قاچاغ یا بەشەکانی یا عەتادی داو بڕیارەکە گەیشتە پلەی بنبڕ (بتات) ئەو چەکە و بەشەکانی وعەتادەکەی دەدرێتە وەزارتی کاروباری پێشمەرگەو وەزیری دارایی لەسەر پێشنیازی بەڕێوەبەری گشتیی گومرگ بۆی هەیە خەلات بدا بە خەبەرداران و ئەوانەی کارگەربوون لەئاشکراکردنی تاوانەکەدا ئەویش بەپێی یاسا ڕەچاوکراوەکان.

ب- ئەگەر دادگای پەیوەندیدار بڕیاری دەست بەسەرداگرتنی چەکی جەنگی یا قاچاغ یا بەشەکانی یا عەتادی داو بڕیارەکە گەیشتە پلەی بنبڕ (بتات) ئەو چەکە و بەشەکانی و عەتادەکەی دەدرێتە وەزارتی کاروباری پێشمەرگە.

ج- ئەگەر دادگای پەیوەندی دار بڕیاری دەست بەسەرداگرتنی چەکی ئاگرینی یا قاچاغ یا بەشەکانی یا عەتادەکەی داو بڕیارەکە گەیشتە پلەی بنبڕ (بتات) ئەو چەکە وبەشەکانی وعەتادەکەی دەدرێتە وەزارتی ناوخۆ.

د- دەسەلاتی مۆڵەتدان بڕیار دەدا ئەو چەکە و بەشەکانی و عەتادەکەی کە بەپێی بەندی (ج) لە برگەی (3)ی ئەم ماددەیەدا پێی سپێردراوە بیدا بە فەرمانگەیانەی دەولەت کە پێوستیان پێی هەیە و ئەگەر هیچ داوایەکی لەو فەرمانگەیانەوە نەکرا وەزارتی ناوخۆ بەپێ ی حوکمی قانونی فرۆشتن و بەکرێ دانی ماڵ وموڵکی دەولەت دەفروشرێ.

4- چەکی جەنگی و بەشەکانی عەتادی و چەکی ئاگرینی قاچاغ وبەشەکانی وعەتادی دەسپێردرێن بە نزیکترین لایەنی سەربازی لەکاتی دۆزینەوەیاندا بۆ پاراستنیان وە ئەو لایەنە سەربازیە هەر وەختێك پێوستی کرد چەکەکان لە بەردەم ئەو لایەنەدا ئامادە دەکا کە پەیوەندی بە بینینی

کێشەکەوە هەیە. بەڵام چەکی ئـاگرینی ناقاچـاغ بەشـەکانی و عـەتادی دەسپێردرێ بە نزیکترین مەڵبەندی پۆلیسی ئـەو ناوچـەیەی چـەکەکەی تێدا دۆزاوەتەوە، بـۆ پاراسـتنی بـە مـەرجێ مەڵبەندەکـە هـەر وەختێـك پێوستی کرد ئەو چەکە لەبەردەم ئەو دادگـا دەسـتەڵاتە گـومرگی یـەدا ئامادە بکات کە پەیوەندی بە بینینی کێشەکەوە هەیە.

**ماددەی بیست و سێیەم:**

1– ئەوەی مۆڵەتی چەکی ئـاگرینی هـەبێ و لـە مـاوەی (90) ڕۆژدا لـە ڕۆژی کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیەی لە ماددەی (9)ی ئەم یاسایەدا دیـاری کراوە بە غەرامەیەك کە لە پێنج سەد دینار کەمتر نەبێ و لە هەزار دینـار زیاتر نەبێ سزا دەدرێ.

2– پارێزگارەکان دەسەڵاتی دادوەری کەتن (جنحة) یان بۆ سەپاندنی ئـەو غەرامەیەی بڕگە (1)ی ئەم ماددەیە دەدرێتێ.

**ماددەی بیست و چوارەم:**

أ– حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەو چەکانە ناگرێتەوە کە هێـزە چـەکدارەکان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەکاری دەهێنن.

ب– دەسەڵاتی مۆڵەتدان دەسەڵاتی هەیە مۆڵەتی ژێر دەسـتگرتنی تفـەنگی ئوتۆماتیکی ونیو ئوتۆماتیکی بدا.

**ماددەی بیست و پێنجەم:**

وەزیری ناوخۆ ڕێنمایی یەك دەردەکا سەبارەت بە ژێر دەستگرتن و هەڵگرتنی چەکی بریندارکەر و چەکی ڕووشێنەر و گواستنەوە و دروست کردن و چاکردن و هێنانە ناوەوە و بازرگانی پێوەکردنیان.

**ماددەی بیست وشەشەم :**

کار بە هیچ دەقێك ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێ.





**ماددەی یازدەم:**

پێویستە لـەسەر هەر کۆمەڵەو لقەکانی ئەم تۆمارانەی خوارەوە ڕێك بخات و، بەمەرجێ لەلای دادنووسی (کاتب عدل) تەسدیق کرابن.

1. تۆمـاری ئەنـدامان: نـاوی ئەنـدامانی کۆمەڵـە و ناونیشـان و تەمـەن و ڕەگەزنامەو پیشەو بڕوانامەی زانستی و هونەریی و مێـژوویی هاتنـە نـاو کۆمەڵەی تێدا تۆمار بکرێ.
2. تۆماری بڕیارەکان: و ئەمەش هەموو بڕیارەکانی ئەنجوومەنی بـەڕێوەبردن و دەستەی گشتی تێدا تۆمار دەکـرێ و لەلایـەن دەسـتەی بـەڕێوەبردنی کۆمەڵەوە ئیمزا دەکرێن.
3. تۆماری ژمێریاری و هەموو داهات و خەرجییەکی تێدا تۆمار دەکرێ.
4. تۆماری کەلوپەل وماڵ و هەرچـی مـوڵکی کۆمەڵـە بـێ لـە کەلوپـەل وموڵك و ماڵی گوێزراوەو نەگوێزراوەی تێدا تۆمار دەکرێ .

**ماددەی دوازدەیەم:**

دەستەی گشتیی کۆمەڵ بۆی هەیە بە ئارەزووی خۆی دوای ڕەزامەندی دوو لـەسەر سێی ئەندامانی کۆمەڵەکە هەڵوەشێنێتەوە.

**ماددەی سێزدەیەم:**

دەشێ کۆمەڵە بە بڕیارێکی دادگای بەرایی (بیدائة) هەڵوەشێنەوە دوای بڕیاردان لـەسەر دامەزراندنی، ئەمەش لـەسەر داوای وەزیری ناوخۆ یان ئەوەی دەستەڵاتی پێ دەدات دەبێ و لـەم حاڵەتانەی خوارەوە:

1– ئەگەر ساڵێك بەسەر دامەزراندنی کۆمەڵەکەدا ڕەت بوو، دەسـتی بـەو کارانەی نەکردبوو کە لە پێڕەوی ناوخۆیدا هاتوون، یـان بـەبێ هـۆ لـە جێبەجێکردنی کارەکانی وەستابوو.

3- کاتێك کە داواکە یەکلایی نەکراو ئەو ماوەیەی کە لە بڕگە (1)ی سەرەوەشی بە سەردا تێپەڕیَ ئەوە بە پێی یاسا داواکە پەسەندکراوە.

4- ئەگەر وەزیری ناوخۆ داوای دامەزراندنەکەی لەبەر هەر هۆیەك ڕەت کردەوە، ئەوا ئەندامانی دامەزرێنەر بۆیان هەیە لەماوەی (15) ڕۆژ لە پێراگەیاندنیان بڕیاری ڕەتکردنەوەکە تەمییزبکەن لەلای دەستەی بالآی دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستانی عێراق و ئەو کاتە بڕیاری دادگا دوا بڕیارە.

5- ئەو کارانە لەکاتێکش دا دەکرێن کە پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەیەکی مۆڵەتدارو هەموار بکرێت.

**ماددەی نۆیەم:** دارایی کۆمەڵە لەمانە پێك دێن:

1. ئابوونەی بەشداربوونی ئەندامان.
2. ئابوونەی ساڵانەی ئەندامان.
3. بەخشیش ودەست ودیاری وپیتاك وپارەکۆکردنەوە و لە قەبوڵ کردن لە لایەن کەس و لایەنی دیکەوە.
4. دەستکەوتی دیکە کە کۆمەڵە لە ئەنجامی چالاکی و خستنە مامەڵەتی پارەکانیەوە چنگی دەکەویَ.

**ماددەی دەیەم:**

1. کۆمەڵە ماڵ و دارایی خۆی بۆ خۆی بەڕێوەیان دەبات لە ڕێگەی بوودجەی ساڵانەی کە بە پێی سیستەمی ژمێریاری کە لەلای فەرمانگە ڕەسمییەکانی هەرێم پەیرەو دەکریَ ڕێك دەخریَ و جێبەجیَ دەکریَ.
2. هەموو حساباتێکی کۆمەڵە دەکەوێتە بەر چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان.





**ماددەی بیست وحەوتەم:**

دەبیَ وەزیرە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جیَ بەجیَ بکەن.

**ماددەی بیست و هەشتەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاْوکردنەوەیەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمی دا کاری پیَ دەکریَ.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق**

| جۆری مۆڵەت | نرخی ڕەسم |
| --- | --- |
| مۆڵەتی ژێر دەست گرتن یا هەڵگرتنی چەکی ئاگرین عەتادی | 50 دینار |
| نوێکردنەوەی ژێر دەست گرتن و هەڵگرتنی چەکی ئاگرین | 50 دینار |
| مۆڵەتی چاککردن و نوێکردنەوەی چەکی ئاگرین | 100 دینار |

## بڕیاری
## ژمارە 43 ی ساڵی 1992





**ماددەی حەوتەم:**

بۆدامەزراندنی كۆمەڵە مەرجە داوایەك پێشكەش بە وەزیری ناوخۆ بكرێت لە لایەن ئەندامە دامەزرێنەكانەوە ئیمزاكرابێ، بەمەرجێ ژمارەیان لە (15) ئەندام كەمتر نەبێ و هەموو بە پێی یاسا شیاو بن و پێڕەوی ناوخۆی پێوەلكابێ و ئەم زانیارییانەی تێدا بێت:-

1. ناوی كۆمەڵەكەو مەبەست لە دامەزراندنی و، مەڵبەندی بەڕێوەبەردنی و دەبێ لە هەرێمی كوردستانی عێراق بێت.
2. ناوی هەموو ئەندامە دامەزرێنەرەكان و نازناو و ڕەگەزنامە وپیشەیان وشوێنی دانیشتنیان وبڕوانامە و پلەی زانستیان.
3. مەرجەكانی ئەندامێتی و نەمانی.
4. سەرچاوەكانی دارایی كۆمەڵە.
5. ئەو دەستانەی كە نوێنەرایەتی كۆمەڵە دەكەن و كاروباری هەڵسووڕاندنی دەگرێ ئەستۆ و تایبەتمەندیی هەر یەكێكیان و ڕێگای هەڵبژاردن و كۆتایی پێی هێنانیان.

**ماددەی هەشتەم:**

1- دەبێ وەزیری ناوخۆ لە ماوەی (30) ڕۆژ لە مێژووی تۆماركردنی داواكە لەوەزارەت بڕیارێك لەبارەیەوە بدات.

2- وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە ئەگەرداوای دامەزراندنەكە مەرجی یاسایی تەواوی تێدانە بوو، بیگەڕێنێتەوە بۆ دەستەی دامەزرێنەران لەو ماوەی لە بڕگەی (1)ی سەرەوەدا هاتووە بۆ تەواوكردنی ناتەواوییەكانی ولەگەڵ ڕۆژی پێشكەش كردنەوەی داواكەش ماوەی سەیركردن و بڕیار لەسەردانی یا نەدانی دەست پێ دەكات.

**ماددەی دووەم:**

1. ئەو كۆمەڵەی كە بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە دادەمەزرێن كەسیەتیەكی مەعنەویی دەبێ و دەتوانێ هەموو كاروچالاكییەكی خۆی بنوێنێ و بۆی هەیە ماڵ و موڵكی گوێزراوەی لە پێناوی بەدیهێنانی مەبەستەكانی خۆی هەبێ.
2. كۆمەڵە ناتوانێ ببێتە كەسیەتییەكی مەعنەوی تاكو پێڕەوی ناوخۆی لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا لەسەر داوای خۆی بلاَونەكرێتەوە.

**ماددەی سێ یەم:**

سەرۆك یا ئەو كەسەی كە دەستەڵاتی پێ دەدات نوێنەرایەتی كۆمەڵە دەكات لەبەردەم دادگا و لایەنە رەسمی ونارەسمییەكاندا.

**ماددەی چوارەم:**

ئامانجەكانی كۆمەڵە دەبێ ئەم مەرجانەیان هەبێ:

1. دەبێ ئاشكراو ڕوون و شەرعی و ڕەوا بێ.
2. خزمەتی كۆمەڵێكی دیاری كراوی گەلی كوردستانی عێراق بكات.
3. نابێ كەرتكاریی وجیاوازی رەگەزیی وئایینی ومەزهەبی بكاتە ئامانج.
4. نابێ لەگەڵ بنەماكانی دیموكراسی وجاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ ناكۆنجاو بێت.
5. نابێ دژی دابو دەستووری گشتیی و ڕەوشت بێ.

**ماددەی پێنجەم:**

پێویستە كۆمەڵە ڕێبازو هۆی دیموكراتی و ئاشتیی بگرێتەو بەر بۆ بەدی هێنانی مەبەستەكانی بە پێی یاسای ڕەچاوكراو.

**ماددەی شەشەم:**

كۆمەڵە مافی كۆبوونەوەو خۆپیشاندان ومانگرتن ومیهرەجان وئاهەنگ سازدان، پەیدا كردنی هۆیەكانی ڕاگەیاندنی بە پێی یاسا پەیڕەو كراوەكان هەیە.





**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان عێراق**

**ژمارەی بڕیار:** 43

**ڕۆژی بڕیار:** 1992/12/28

**(بڕیار)(*)**

بەپێی حوكمی بڕگە (1)ی ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992 ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق لەدانیشتنی ڕۆژی 1992/12/13 دا ئەم بڕیارەی دا:

1. ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق مافی گرتنە دەست و هەڵگرتنی چەكێكی شەخصی (دەمانچە و تفەنگی ڕیزتەقین–ئالی) یا هەردووكیانی هەیە.
2. ناسنامەی ئەندام یا هەر باوەڕنامەیەكی ڕەسمی كە ئەندامێتی یەكەی دەسەلمێنێ بە مۆڵەتی یاسایی بۆ بەكارهێنانی ئەو مافەی بڕگە (1) سەرەوە دادەنرێ.
3. ئەندام بە نەمانی ئەندامێتییەكەی لە ئەنجوومەندا ئەم مافەی نامێنێ.
4. دەبێ وەزیرە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم بڕیارە جێ بەجێ بكەن.
5. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە كاری پێدەكرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بلاَو دەكرێتەوە.

**نەژاد احمد عزیز أغا**

**و/ سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**

---

(*) ئەم بڕیارە لەژمارە (7) ی ڕۆژی 1993/1/14 (ڕۆژنامەی پەرلەمان) بلاَوكراوەتەوە.

ئەو كۆمەڵانە بەو پێیە پۆلین دەكرێن و هەریەكەیان بە پێی مەبەستی خۆی.





# یاسای حزبەكانی هەرێمی كوردستانی عێراق ژمارە (17)ی ساڵی 1993 و هەمواركردنەكان

كۆبەندى ياساكانى چەك و حزبەكان و كۆمەڵەو رێكخراوە كوردستانييە...

## ياساى كۆمەڵەى هەرێمى كوردستانى عێراق

**بەناوى خواى بەخشندەو ميهرەبان**

**بەناوى گەلەوە**

**ئەنجوومەنى نيشتمانيى كوردستان عێراق**

**ژمارەى بڕيار:** 44

**رۆژى بڕيار:** 1993/10/31

### (بڕيار)

بە پێى حوكمەكانى بڕگە (1) لە مادده (56)ى ياساى ژمارە (1)ى ساڵى 1992 و لەسەر داواى وەزيرى ناوخۆ و رەزامەنديى ئەنجوومەنى وەزيرانى هەرێم لە سەرى ئەنجوومەنى نيشتمانيى كوردستانى عێراق لەدانيشتنى رۆژى 1993/10/25يدا بڕيارى دەرچوواندنى ئەم ياسايەى دا:

### ياساى ژمارە (18)ى ساڵى 1993

### ياساى كۆمەڵەى هەرێمى كوردستانى عێراق (1)

**ماددەى يەكەم:**

1- كۆمەڵە: كۆمەڵە كەسێكە سيفەتێكى هەميشەييان هەيە و بريتين لە چەند كەسێكى ئاسايى يان مەعنەوى بۆ مەبەستێك كە قازانجى ماددى تێدا نەبێ.

2- هەموو يانەو رێكخراو يەكێتى ومەڵبەندى رۆشنبيريى وكۆمەڵايەتيى وسەنديكاو دەزگاى خێرخواز، كۆمەڵەن و حوكمەكانى ئەم ياسايە دەيان گرێتەوە، تەنيا مەگەر رێكخراوەكەى ياسايێكى تايبەتى بيگرێتەخۆ.

3- ئەگەر كۆمەڵ مەبەستێكى زانستى يا كۆمەڵايەتيى يا پيشەيى يا هونەريى يان وەرزشيى يان خێرخوازيى يان سوودێكى گشتيى هەبوو لەو كاتەدا

(1)- ئەم ياسايە لەژمارە (15) ى رۆژى 1993/10/31 لە (رۆژنامەى پەرلەمان) بلاوكرايەوە.

# یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق و هەموارکردنەکانی

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان عێراق**
**ژمارەی: بڕیار:** 42
**مێژووی بڕیار:** 1993/10/18

**(بڕیار)**

بە پێی حوکمەکانی برگە (1) لە مادده (56) ی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992و لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عیراق، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی 1993/10/10 دا بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە (17)ی ساڵی 1993

## یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق (*)

**ماددەی یەکەم:**

حزب ڕێکخراوێکی سیاسی خاوەن کەسایەتی یەکی مەعنەوی یە و لە یەکگرتنێکی ئیختیاری پێك دێ لە نێوان کۆمەڵە کەسانێکی سروشتیدا کە چەند بیرو باوڕو ئامانجێکی هاوبەشی ڕاگەیاندراو لە پرۆگرامی حیزبدا کۆیان دەکاتەوە و هەوڵ دەدەن بەرێوشوێنی دیموکراتیانە بەدی یان بهێنن.

(*)- ئەم یاسایە لە ژمارە (15)ی ڕۆژی 1993/11/6 (ڕۆژنامەی پەرلەمان) بلاوکراوەتەوە.

# یاسای کۆمەڵەی هەرێمی کوردستانی عێراق
# ژمارە (18)ی ساڵی 1993





**ماددەی دووەم:**

1- هەرهاووڵاتییەك لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانی عێراق کە دانیشتووانی هەمیشەیی ئەم هەرێمەن، ئەوانەی کە مەرجیان تیدایە مافی بەشداربوونیان لە دامەزراندنی حزبگەلیان هەیە(1).

2- هەر هاووڵاتی یەك لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانی عێراق یا هەر کەسێك کە هەمیشەیی (أقامة) هەبێ و هەژدە ساڵی تەمەنی تەواو کردبێ و لێهاتوویی یاسایی هەبێ (الأهلية القانونية) مافی چوونە ناو هەر حزبێك و لێ کشانەوەی هەیە بەپێی پەیرەوە ناوخۆکەی.

**ماددەی سێ یەم:**

سەربەستی دامەزراندنی حزبەکان مسۆگەرەو هەر حیزبێك بۆی هەیە بە تەواوی بە سەربەستی یەوە چالاکی ی خۆی بنوێنێ‌و ئەم یاسایەش پارێزگاری لێ دەکا.

**ماددەی چوارەم:**

مەرجە بیرو باوەڕو ئامانجەکانی حزب ئەمانەیان تێدا بن:

1. چەسپاندن و پەرەپێدانی ئەو ماف و دەسکەوتانەی کە گەلی کوردستانی عێراق بەدی هێناوە.

---

(1)- ئەم برگەیە هەموارکراوەبە پێی ماددەی یەکەم لە یاسای ژمارە (7)ی ساڵی 2002 لە 2002/5/7 یاسای هەموار کردنی دووەمی یاسای حزبەکانی لە هەرێمی کوردستان عێراق ژمارە (17) ی ساڵی 1993 برگەکەش پێش هەموار کردن بەم شێوەیە بوو:-

1- هەر هاووڵاتییەك لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانی عێراق و تیای دا نیشتەجێ بێ و مەرجەکانی تێدا هەبن مافی بەشداریکردنی دامەزراندنی حزبی هەیە.

2. چەسپاندنی بیروباوەڕی دیموکراتی و ڕێز لێ گرتنی ئەو مافانەی مرۆڤ کە لە ڕاگەیاندنی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و پەیمان و باوەڕنامەو بەیاننامە نێودەوڵەتی یەکاندا دیاری کراون.

3. بەدیهێنانی ئامانجەکانی بەرێوشوێنی ئاشتیانەو دیموکراتیانەو باوەرهێنان بە دەستاو دەستکردنی دەسەڵات (تداول السلطة) بەبێ پەنابردنە بەر توندو تیژی وتیرۆر و لە خشتە بردن.

4. بەکارهێنانی شێوازی دیموکراتیانە لە ژیانی حزبایەتیدا.

5. بڵاونەکردنەوەی دووبەرەکی و جیاوازی لە رەگەزو ئایین و مەزهەبدا.

6. بە مەرجێ بەرنامەو پێڕۆ ناوخۆییەکەی پێچەوانەی پێڕۆی گشتی (النظام العام) نەبێت[1].

**ماددەی پێنجەم:**

حزب پابەندی ڕێزلێگرتنی ماف و سەربەستیەکانی هاووڵاتیان وحزبەکان و ڕێکخراوە پیشەیی ومیللییەکان دەبێ.

**ماددەی شەشەم:**

بۆ دامەزراندنی حزب و نواندنی چالاکی پێوستە ئەم مەرجانە هەبێت:

1- داواکارییەکی نووسراو دەدرێت بە وەزارتی ناوخۆ کە ئەندامانی دامەزرێنەر ئیمزایان کردبێ و لە(50) پەنجا ئەندام کەمتر نەبن و خوێندنەوەو نووسین بە تەواوی وبەباشی بزانن وتەمەنیان لە(25) ساڵ کەمتر نەبێ و، هاووڵاتیانی دۆستیش (مؤازرين) کە ژمارەیان لە(500) هاووڵاتی کەمتر نەبێ و زۆرینەیان خوێندنەوەو نووسین بەباشی بزانن و تەمەنیان لە (18) ساڵ کەمتر نەبێ و، ئەندام ودۆستیش نابێ بە جینایەتێ یان بە جونحەیەکی ئابڕووبەر حوکم درابن

---

(1)- بڕگەی شەشەم بە پێ ماددەی دووەم لە یاسای ژمارە (17) ساڵی 2002 یاسای هەموار کردنی دووەمی یاسای حزبەکانی لە هەرێمی کوردستان عێراق ژمارە (17)ی ساڵی 1993 زیاد کرا.



کۆبەندی یاساکانی چەك و حزبەکان و کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردستانییە...

دەرەوە هەبێ یان بێەوێ لە دەرەوە بی هێنێ یان هەواڵە کردنی قبوڵ بکات دەسەڵاتە پەیوەندی دارەکانی لێ ئاگادار بکات.

**ماددەی هەشتەم:**

ماددەی شازدە هەموار دەکرێ و وەك ئەمەی خوارەوەی لێ دێت:

حزب بۆی هەیە بەپێی حوکمەکانی پێڕۆی ناوخۆی، خۆی هەڵبوەشێنێتەوە لە ماوەی ئەوپەڕی حەوت ڕۆژدا (کە لە ڕۆژی بڕیاردانی هەڵوەشاندنەوەکە دەست پێ دەکات) وەزارەتی ناوخۆی لێ ئاگادار بکات.

**ماددەی نۆیەم:**

بڕگە(1)ی ماددەی حەڤدە هەمواردەکرێ و وەك ئەمەی خوارەوەی لێ دێت:

1- دەشێ بە بڕیارێکی دادگایی کە لە دادگای پەیوەندیدار دەرچووبێ حزب هەڵوەشێندرێتەوە بە دەعوایەك کە وەزارەتی ناوخۆ لەسەری کردبێتیەوە لەسەر سەرپێچی کردنی حوکمێ لە حوکمەکانی ئەم یاسایە یان دوای تێ پەڕبوونی شەش مانگ بەسەر دامەزراندنی حزبەکەدا بەبێ ئەوەی ئەو چالاکییانەی خۆی بخاتە کار کە دەقەکانیان لە پێڕۆی ناوخۆیدا هاتووە یان بەبێ هۆکاری بەجێ لەو ماوەیەدا لە چالاکیی خۆی بکەوێ.

**ماددەی دەیەم:**

پێوستە لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار.

**ماددەی یازدەهەم:**

ئەم یاسایە لەڕۆژی بلاوکردنەوەی لە(وەقایعی کوردستان) دەخرێتە کار.

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**





و، ناشبێ بەشداری لەو تاوانانە کردبێ کە دەسەڵاتی پێشوو نەخشەی بۆدارێژاون یالەکوردستان ئەنجام دراون، پێویستیشە ئەهلییەتی یاساییشی هەبێ و لەگەڵ داواکردنی دامەزراندنەکەدا بەرنامەی حزبەکەو پێڕۆی ناوخۆیشی پێوەبێ [1].

2- داخوازی یەکەی بڕگە(1)ی سەرەوە ناوو ناونیشان وتەمەن وپیشە و شوێنی نیشتەجێی هەر ئەندامێکی و هەر دۆستێکی دامەزرێنەری تێدا دەبێ لەگەڵ ناوی حزبەکە کە نابێ وەك ناوی هیچ حزبێکی تر بێ [2].

3- دەستەی دامەزرێنەر پێویستە هاوولاتیگەلێکی تێدابێ بەنیشتمانپەروەر ناسراوبن و، لەکوردستاندا بەشدارییەکی ئاشکرایان لەژیانی سیاسی وکۆمەلایەتی ورۆشنبیریدا بووبێ، قەناعەتێکی وەهای لێ بەدی بێ کە ئەوانە دەیانەوێ بەدڵ هاوبەشی لە فرمانی نیشتمانیدا بکەن و هاوبەشبوونی هاوولاتیانیش لە ژیانی سیاسی هەرێمدا لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی سیاسیی

(1)- ئەم برگەیەش بە پێی (ماددەی 3/یەکەم) لە یاسای ژمارە (7)ی ساڵی 2002 لە 2002/5/7 یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای حزبەکانی لە هەرێمی کوردستان عێراق ژمارە (17)ی ساڵی 1993هەموارکراوە برگەکەش پێش هەموارکردن بەم شێوەیە بوو:-

1-داخوازیەك پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ بکرێ کە بە لایەنی کەمەوە (50)ئەندامی دامەزرێنەر ئیمزایان کردبێ و تەمەنی ئەندامی دامەزرێنەر لە (25)ساڵ کەمتر نەبێ و بە تاوانێك (جناية)یا کەتنێکی (جنحة) لە کەدار کەری شەرەف حوکم نەدرابێ و لەو تاوانانەدا بەشداری نەکردبێ کە دەسەڵاتی داپلۆسێنەر نەخشەی بۆ کێشاون و لە کوردستاندا کردوونی، دەبێ لێهاتوویی یاسایی هەبێ وخوێندنەوەو نووسین بزانێ و دەبێ بەرنامەو پەیڕەویناوخۆی حزبەکەش لەگەڵ داخوازیی دامەزراندنەکە دابێ.

(2)- دەستەواژەی(هەردۆستێکیش) بە پێی (ماددەی3/دووەم)لە یاسای ژمارە (7)ی ساڵی 2002 یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای حزبەکانی لە هەرێمی کوردستان عێراق ژمارە (17)ی ساڵی 1993 زیاد کرا.

تایبەتدا ڕێك بخەن، تێبینی جۆراوجۆریی جوغرافیی سەکەن و کاری دامەزرێنەران و دۆستەکانیش دەکرێ[1].

**ماددەی حەوتەم:**

1- پێویستە وەزیری ناوخۆ لەوە دڵنیابێ کە داواکاریی دامەزراندنەکە ئەو شەرت و شوورتانەی بەجێ هێناوە کە دەقەکانیان لە ماددەی شەشەمی ئەم یاسایەدا هاتووەو،لە ماوەی(90) ڕۆژدا (کە لە ڕۆژی فەراهەم بوونی مەرجی داواکاریی دامەزراندنەکەوە دەست پێ دەکات) داواکارییەکە هەواڵەی ئەنجومەنی وەزیران بکات [2].

2- ئەگەر داخوازیەکە مەرجە یاسایی یەکانی تێدا نەبوو دەبێ وەزیری ناوخۆ داخوازی یەکە لەو ماوە دیاری کراوەی بڕگە(1)ی سەرەوەدا بگەڕێنێتەوە بۆ دامەزرێنەران بۆ تەواوکردنی کەم و کوڕییەکانی و لە گشت حاڵێکدا نابێ داخوازی یەکە لە یەك جار زیاتر بگەڕێندرێتەوە.

(1)- ئەم برگەیە بە پێی (ماددەی 3/سێیەم) لە یاسای ژمارە (7)ی ساڵی 2002 یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای حزبەکانی لە هەرێمی کوردستان عیراق ژمارە (17)ی ساڵی 1993 زیاد کرا.

(2)- ماوەکە بە پێی ماددەی یەکەم لە یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 1997 لە بەرواری 6/2/ 1997 یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای حزبەکانی لە هەرێمی کوردستان عیراق ژمارە (17)ی ساڵی 1993 هەموار کرا و پێش هەموارکردنی ماوەکە ( 30 ) ڕۆژ بوو.- ئەم برگەیە بە پێی ماددەی چوارەم لە یاسای ژمارە (7)ی ساڵی 2002 یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای حزبەکانی لە هەرێمی کوردستان عێراق ژمارە (17)ی ساڵی 1993 هەموار کرا برگەکەش پێش هەموارکردن بەم شێوەیە بوو:-

دەبێ وەزیری ناوخۆ دڵنیابێ لەوەی کە داخوازی یەکەی دامەزراندن ئەو مەرجە یاسایی یانەی تێدایە کە لە ماددەی شەشەمی ئەم یاسایەدا دیاری کراون و ئەوسا لەماوەی (30) ڕۆژدا لە ڕۆژی تۆمارکردنییەوە داخوازی یەکە ڕەوانەی لای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بکا.



کۆبەندی یاساکانی چەك و حزبەکان و کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردستانییە...

**ماددەی شەشەم:**

بڕگە (1) وبڕگەی (6) لەماددەی سیازدە هەموارەدەکرێن و وەك ئەمەی خوارەوەیان لێ دێت:

1- بە موڵك کردنی وەسیلەکانی ڕاگەیاندن بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانی خۆی. ئەنجوومەنی وەزیرانیش بۆی هەیە بەشێوەیەکی موەقەت (مؤقت) ئەو وەسیلانەی لێ ببڕێ. خۆ ئەگەر هاتو لە مەفهومی نیشتمانی لای دا یان دژ بە ڕێنوێنییەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ڕەفتاری کرد و پێوست بەوە کرا کە ئەو وەسیلانەی بەشێوەیەکی بەردەوام لێ ببەسترێ ، ئەوە لەو بارەدا ئەنجوومەنی وەزیران بۆی هەیە هەواڵەی دادگایان بکات.

6- قبوڵکردنی ئەموالی عەینی و نەقدی لەهەر لایەنێکی دەرەوەی هەرێم بە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران دەبێ.

**ماددەی حەوتەم:**

ماددەی چواردە هەموار دەکرێ و وەك ئەمەی خوارەوەی لێ دێت:

یەکەم: ئەو دەسنگەیە (المنح)ی لە بوجەی هەرێمدا بۆ حزبەکان دادەنرێ، بەپێی بەند و بەستێك (ضوابط) کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بڕیاری دەدات دابەش دەکرێ.

دووەم: حزب خۆی ئەموالی خۆی هەڵدەسورێنێ لە بوجەیەکی ساڵانەوە کە بەپێی ئەو پێڕۆ موحاسبیە ڕێك دەخرێت کە دایەرە ڕەسمیەکانی هەرێم لەسەری دەڕۆن.

سێیەم: حساباتی حزب مل کەچ دەبێ بۆ ڕیقابەی دارایی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا و، حزبیش پێوستە لەسەری هەر پارەیەکی لە

1- پێوستە وەزیری ناوخۆ لەوە دڵنیابێ کە داواکاریی دامەزراندنەکە ئەو شەرت وشوورتانەی بەجێ هێناوە کە دەقەکەیان لە ماددەی شەشەمی ئەم یاسایەدا هاتووە و، لە ماوەی (90) ڕۆژدا (کە لە ڕۆژی فەراهەم بوونی شەرت و شرووتی داواکاریی دامەزراندنەکە دەست پێ دەکات) داواکارییەکە هەواڵەی ئەنجوومەنی وەزیران بکات.

4- لە حاڵەتیکدا داواکارییەکە لەو ماوەیەدا کە لە برگەی (3)ی سەرەوەی ئەم مادەیەدا دیاریکراوە نەبڕێندرایەوە و ماوەکەش بەسەرچوو، ئەوا دەستەکە بۆی هەیە داواکارییەك یەکسەر پێشکەش بە ئەنجوومەنی وەزیران بکات، خۆ ئەگەر هاتو ماوەیەکی هاوتای ئەو ماوەیەی لە برگە (1)ی ماددەکەی سەرەوەدا هاتووە تێپەڕی و داواکارییەکە نەبڕێندرایەوە، ئەوە لەو بارەدا داواکارییەکە بە حوکمی یاسا بە قبوڵکراو دادەنرێت.

**ماددەی پێنجەم:**

ماددەی یازدە هەمواردەکرێ و وەك ئەمەی خوارەوەی لێ دێت:

پێویستە لەسەر حزبەکە هەر گۆڕینێك لە پێڕۆی ناوخۆی یان بەرنامەکەدا بکرێت، لە ماوەی (30) ڕۆژدا (کە لە ڕۆژی گۆڕینەکەوە دەست پێ دەکات) ئەنجوومەنی لێ ئاگادار بکات. ئەنجوومەنی وەزیرانیش ئەگەر بۆی دەرکەوت کە ئەو گۆڕینە دەبێتە هۆی لێ دەست دانی مەبەستی نیشتمانپەروەریی دامەزراندنەکە یان خراپەی بۆ پێڕۆی گشتی و ئادابی گشتی لە هەرێمدا دەبێت، ئەوە لەو بارەدا بۆی هەیە ئیجازەی حزبەکە بکێشێتەوە، حزبەکەش بۆی هەیە لە ماوەی پازدە ڕۆژدا (کە لە ڕۆژی تەبلیغەکەوە دەست پێ دەکات) لە دادگای تەمییزی هەرێم تانەی لێ بدات و بڕیاری دادگایش بنبڕە.





3- ئەنجوومەنی وەزیران لەماوەی (90) ڕۆژدا لەڕۆژی تومارکردنی داواکارییەکەوە داواکاری دامەزراندنی حزب بەڕەزامەندی یارەتکردنەوە یەکلایی دەکاتەوە بە مەرجێ بڕیارەکەی لەحاڵەتی ڕەتکردنەوە هۆکاری هەبێ [1].

4- لە حاڵەتێکدا داواکارییەکە لەو ماوەیەداکە لە برگە (3)ی سەرەوەی ئەم ماددەیەدا دیارکراوە نەبڕێندرایەوەو ماوەکەش بەسەرچوو، ئەوا دەستەکە بۆی هەیە داواکارییەك یەکسەر پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران بکات، خۆ ئەگەر هات و ماوەیەکی هاوتای ئەو ماوەیەی لە برگە (1)ی ماددەکەی سەرەوەدا هاتووە تێپەڕی و داواکارییەکە نەبڕێندرایەوە، ئەوە، لەم بارەدا داواکارییەکە بە حوکمی یاسا بە قبوڵکراو دادەنرێت[1].

5- وەزیری ناوخۆ بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیران بە ئەندامە دامەزرێنەوەکان رادەگەیەنێ.

---

(1)- ماوەکە بە پێی ماددەی یەکەم لە یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 1997 یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای حزبەکانی لە هەرێمی کوردستان عیراق ژمارە (17)ی ساڵی 1993 هەموار کرا برگەکەش پێش هەموارکردن بەم شێوەیە بوو:-
ئەنجوومەنی وەزیران لە ماوەی (90) ڕۆژدا لە ڕۆژی تومارکردنی داواکارییەکەوە داواکاری دامەزراندنی حزب بە ڕەزامەندی یا ڕەتکردنەوە یەکلایی دەکاتەوە بە مەرجێ بڕیارەکەی لە حاڵەتی ڕەتکردنەوە هۆکاری هەبێ.

(1)- ئەم برگەیە بە پێی ماددەی چوارەم لە یاسای ژمارە (7)ی ساڵی 2002 یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای حزبەکانی لە هەرێمی کوردستان عیراق ژمارە (17)ی ساڵی 1993 هەموار کرا برگەکەش پێش هەموارکردن بەم شێوەیە بوو:4- ئەگەر سەرەرای بەسەرچوونی ئەو ماوەیە لە برگە (3)ی سەرەوەی ئەم مادەیەدا دیاریکراوە هیچ بڕیارێك لەسەر داخوازی یەکە نەدرا وا دادەنرێ کە داخوازی یەکەبە حوکمی یاسا پەسەندکراوە.

6- دامەزرێنەران بۆیان هەیە لە ماوەی (30) ڕۆژدا لەو ڕۆژەوەی بڕیاری ڕەتکردنەوەیان پێڕادەگەیەنرێ نارەزایی لەسەر بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیران بەرەت کردنەوە لەلای دەستەی گشتی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستانی عیراق دەربڕن و بڕیاری دادگا بنبڕ (بتات) دەبێ.

**ماددەی هەشتەم:**

حزب لە ڕۆژی دەرچوونی مۆڵەتەکەیەوە دەبێتە خاوەنی کەسایەتی ی مەعنەوی و بۆی هەیە چالاکی خۆ بنوێنێ و لە پەیوەندی بە یاسایی یەکانی دا ئەو کەسە دەبێتە نوێنەری کە پەیڕەوی ناوخۆی دیاری دەکا.

**ماددەی نۆیەم:**

1. پایتەختی هەرێم یا مەڵبەندی یەکێ لە پارێزگاکانی هەرێم دەبێتە بارەگای سەرەکیی حزب و بۆی هەیە لق لە هەرێم دا بکاتەوە بە مەرجێ دەسەڵاتی پەیوەندیداری لێ ئاگاداربکرێ.
2. حزب بۆی هەیە لق لە دەرەوەی هەرێمدا بکاتەوە بە مەرجێ وەزارەتی ناوخۆی لێ ئاگادار بکا.
3. حزب نابێ بارەگا لە فەرمانگە ڕەسمی یەکان و دامودەزگاکانی حکومەت دا بکاتەوە.

**ماددەی دەیەم:**

حزب دەشێ لەگەڵ حزبێکی تردا بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی هەردوو حزب تێکەڵ بە یەکتر بن بە مەرجێ ئەنجومەنی وەزیرانی لێ ئاگادار بکرێ.

**ماددەی یازدەم:**

پێویستە لەسەر حزبەکە هەر گۆڕینێك لە پێڕۆی ناوخۆی یان بەرنامەکەیدا بکرێت، لە ماوەی (30) سی ڕۆژدا (کە لە ڕۆژی گۆڕینەکەوە دەست پێ دەکات) ئەنجومەنی وەزیرانی لێ ئاگادار بکات، ئەنجومەنی وەزیرانیش





(500) هاووڵاتی کەمتر نەبێ و زۆرینەیان خوێندنەوە و نووسین بە باشی بزانن و تەمەنیان لە (18) ساڵ کەمتر نەبێ و، ئەندام و دۆستیش نابێ بە جینایەتێ یان بە جونحەیەکی ئابڕووبەر حوکم درابن و، ناشبێ لە جەرێمەگەلێکدا بەشداربووبن کە دەسەڵاتی سەرکوتکار پیلانی لە کوردستاندا بۆ دانابێ یان ئەنجامی دابێ، پێوستیشە ئەهلییەتی یاساییشی هەبێ ولەگەڵ داواکردنی دامەزراندنەکەدا بەرنامەی حزبەکە و پێڕۆی ناوخۆیشی پێوەبێ.

دووەم: دەسەواژەی (هەر دۆستێکیش) بۆ بڕگە (2)ی ماددەی شەشەم زیاد دەکرێ.

سێیەم: بڕگەی (سێیەم) بۆ ماددەی شەشەم زیاددەکرێ و دەبێتە بڕگەی (سێیەم)ی و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

(سێیەم): دەستەی دامەزرێنەر پێوستە هاوڵاتیگەلێکی تێدابێ بە نیشتمانپەروەر ناسرابن و، لە کوردستاندا بەشدارییەکی ئاشکرایان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا بووبێ، قەناعەتێکی وەهای لێ بەدی بێ کە ئەوانە دەیانەوێ بە دڵ هاوبەشی لە فرمانی نیشتمانیدا بکەن و هاوبەشبوونی هاوڵاتیانیش لە ژیانی سیاسی هەرێمدا لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی سیاسی تایبەتیدا ڕێك بخەن، تێبینی جۆراوجۆریی جوغرافی سەکەن و کاری دامەزرێنەران و دۆستەکانیش دەکرێ.

**ماددەی چوارەم:**

بڕگە (1) و بڕگەی (4) لە ماددەی حەوتەم هەموار دەکرێن و وەك ئەمەیان لێ دێت:

## یاسای ژمارە (7) ی ساڵی 2002
## یاسای دووەمی هەموارکردنی یاسای ژمارە (17) ی حزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق (*)

**ماددەی یەکەم:**

بڕگە (1)ی ماددەی دووەم هەمواردەکرێ و وەك ئەمەی خوارەوەی لێ دێت:

1- هەر هاوولاتیەك لە هاوولاتیانی هەرێمی کوردستانی عێراق و دانیشتوانی هەمیشەیی ئەم هەرێمە ، ئەوانەی کە شەرت و شوورتیان تێدا فەراهەمە مافی بەشداربوونی حزب گەلیان هەیە.

**ماددەی دووەم:**

ئەم بڕگەیەی خوارەوە بۆ ماددەی چوارەم زیاددەکرێ وزنجیرەکەی دەبێتە (6) وەك ئەمەی خوارەوە:

6- بە مەرجێ بەرنامە و پێڕۆ ناوخۆییەکەی پێچەوانەی پێڕۆی گشتی (النظام العام) نەبێت.

**ماددەی سێ یەم:**

بڕگە (1)ی ماددەی شەشەم هەموار دەکرێ و وەك ئەمەی خوارەوەی لێ دێت:

**یەکەم:** داواکارییەکی نووسراو دەدرێت بە وەزیری ناوخۆ کە ئەندامانی دامەزرێنەر ئیمزایان کردووە و لە (50) پەنجا ئەندام کەمتر نەبن و خوێندنەوە و نووسین بە تەواوی وبەباشی بزانن و تەمەنیان لە(25) ساڵ کەمتر نەبێ و، هاولاتیانی دۆستیش (مؤازرين) کە ژمارەیان لە

(*)- ئەم یاسایە لەژمارە (33)ی ڕۆژی 2002/7/18 (وەقایعی کوردستان) بلاوکراوەتەوە.





ئەگەر بۆی دەرکەوت کە ئەو گۆڕینە دەبێتە هۆی لە دەست دانی مەبەستی نیشتمانی پەروەریی دامەزراندنەکە یان خراپەی بۆ پێڕۆی گشتی و ئادابی گشتی لە هەرێمدا دەبێت، ئەوە لەو بارەدا بۆی هەیە ئیجازەی حزبەکە بکێشێتەوە، حزبەکەش بۆی هەیە لە ماوەی پازدە ڕۆژدا (کە لە ڕۆژی تەبلیغەکەوە دەست پێ دەکات) لە دادگای تەمییزی هەرێم تانەی لێ بدات و بڕیاری دادگایش بنبڕە [1].

**ماددەی دوازدەیەم:**

1- نابێ دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و لێکۆڵینەوەرانی دادگەری بچنە ناو حزبەکانەوە و هەر کامێکیان لەحزبێکدا بێ دەبێ لە ماوەی (30) ڕۆژدا لە ڕۆژی جێبەجێ بوونی ئەم یاسایەوە واز لەفەرمانەکەی یا لە حزبەکەی بێنێ.

2- نواندنی کاری حزبایەتی لە دامودەزگاکانی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ قەدەغەیە.

**ماددەی سێزدەیەم:** حزب ئەم مافانەی دەبێ:

1- بە مۆڵەت کردنی وەسیلەکانی ڕاگەیاندن بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆی، ئەنجومەنی وەزیرانیش بۆی هەیە بەشێوەیەکی کاتی (مؤقت) ئەو وەسیلانەی لێ ببڕێ، خۆ ئەگەر هات و لە مەفهومی نیشتمانی لای دا یان دژ بە ڕێنوێنییەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ڕەفتاری کردو پێویست بەوە کرا کە ئەو وەسیلانەی بەشێوەیەکی بەردەوام لێ

(1)- ئەم ماددەیە بە پێی ماددەی پێنجەم لە یاسای ژمارە (7)ی ساڵی 2002 یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای حزبەکانی لە هەرێمی کوردستان عیراق ژمارە (17)ی ساڵی 1993 هەموار کرا ماددەکەش پێش هەموارکردن بەم شێوەیە بوو: حزب دەبێ لە ماوەی (30) ڕۆژدا ئەنجومەنی وەزیران لە هەر گۆڕینێك لە پەیرەوی ناوخۆ یا لە بەرنامەیدا لە ڕۆژی ڕوودانییەوە ئاگادار بکا.

ببەسترێ، ئەوە لەو بارەدا ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە هەواڵەی دادگاكانی بكات[1].

2- ئەنجامدانی هەموو ڕەفتارێكی یاسایی و بە موڵك كردنی ماڵی گوازراوە و نەگوازراوە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەكانی.

3- كۆبوونەوە و خۆپیشاندان و مانگرتن بە ڕێگای ئاشتیانە بەپێی یاسا و بە ئاگاداری دەسەڵاتداریێتی پەیوەندیدار.

4- ڕێكخستنی میهرەجان و ئاهەنگ وبەستنی كوڕ و زیندووكردنەوەی بۆنەكان.

5- كۆكردنەوەی پیتكاك و قبوڵ كردنی بەخشین و پێ بەخشینی ناوخۆیی.

6- قبوڵكردنی ئەموالی عەینی و نەقدی لەهەر لایەنێكی دەرەوەی هەرێم بەڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران دەبێ[1].

**ماددەی چواردەیەم:**

**یەكەم:** ئەو بەخشیشەی (المنح) كە لە بوجەی هەرێمدا بۆ حزبەكان دادەنرێ، بە پێی بەندو بەستێك (ضوابط) كە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بڕیاری دەدات دابەش دەكرێ.

---

(1)- ئەم برگەیە بە پێی ماددەی شەشەم لە یاسای ژمارە (7)ی ساڵی 2002 یاسای هەمواركردنی دووەمی یاسای حزبەكانی لە هەرێمی كوردستان عیراق ژمارە (17)ی ساڵی 1993 هەموار كرا برگەكەش پێش هەمواركردن بەم شێوەیە بوو:-
1- ئەو رێ و شوێنانەی راگەیاندنی هەبێ كە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكانی بە پێی یاسا رەچاوكراوەكان بەكاریان دێنی.

(1)- ئەم برگەیە بە پێی ماددەی شەشەم لە یاسای ژمارە (7)ی ساڵی 2002 یاسای هەمواركردنی دووەمی یاسای حزبەكانی لە هەرێمی كوردستان عیراق ژمارە (17)ی ساڵی 1993 هەموار كرا برگەكەش پێش هەمواركردن بەم شێوەیە بوو: 6- قبوڵكردنی ماڵومولكی عەینی و كاش لە هەر لایەكەوە بێ لە دەرەوەی هەرێم بە ئاگاداریی ئەنجومەنی وەزیران.



كۆبەندی یاساكانی چەك و حزبەكان و كۆمەڵەو ڕێكخراوە كوردستانییە...

## یاسای حزبەكانی هەرێمی كوردستانی عێراق
## و هەمواركردنەكانی

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان:** 7
**ڕۆژی دەرهێنان:** 8/5/ 2002

**(بڕیار)**

پشت بە حوكمەكانی برگە (1)ی ماددەی (56) و ماددەی (53) لەیاسای ژمارە (1)ی هەمواركردنی ساڵی(1992)و لەسەر داوای وەزیری ناوخۆ و ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران و ئەو یاساكارییەش كە ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (14)ی ڕۆژی(2002/5/7)یدا ئەنجامی داوە و،بەپێی ئەو دەسەڵاتەش كە برگە (3)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (10)ی ساڵی 1997 پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**دووەم:** حزب خۆی ئەموالی خۆی هەڵدەسووڕێنێ لە بوجەیەكی ساڵانەوە كە بە پێی ئەو پێڕۆ موحاسبییە ڕێك دەخرێت كە دایەرە ڕەسمییەكانی هەرێم لە سەری دەڕۆن.

**سێیەم:** حساباتی حزب مل كەچ دەبێ بۆ ڕیقابەی دارایی لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا و، حزبیش پێویستە لەسەری هەر پارەیەكی بوونی هەر پارەیەكی لە دەرەوە هەبێ یان بیەوێ لە دەرەوە بیهێنێتەوە بەحەواڵە كردنی قبوڵی بكات دەسەڵاتە پەیوەندی دارەكانی لێ ئاگادار بكات [(1)].

**ماددەی پازدەیەم:** حزب پابەندی ئەم ئەركانە دەبێ:

1. نەهێشتنی تیرۆر بە هەموو شێوەكانییەوە.
2. ڕێزگرتن لەیاساكان وپاراستنی سەربەخۆیی دادوەری.
3. دام و دەزگای سەربازی و شێوە سەربازی نەبێ و لێی قەدەغەیە چەكی بە پێچەوانەی یاساوە هەبێ.
4. نە نواندنی چالاكی یەك كە پێچەوانەی بەرنامە ڕاگەینراوەكەی دەبێ.
5. ڕێزگرتن لەسیستمی گشتی و داب و نەریتی گشتی.

**ماددەی شازدەیەم:**

حزب بۆی هەیە بە پێی حوكمەكانی پێڕۆی ناوخۆی، خۆی هەڵبووەشێنێتەوە و لەماوەی ئەو پەڕی حەوت ڕۆژدا (كە لە ڕۆژی

(1)- ئەم ماددەی بە پێی ماددەی حەوتەم لە یاسای ژمارە (7)ی ساڵی 2002 یاسای هەمواركردنی دووەمی یاسای حزبەكانی لە هەرێمی كوردستان عیراق ژمارە (17)ی ساڵی 1993 هەموار كرا ماددەكەش پێش هەمواركردن بەم شێوەیە بوو: قبوڵكردنی ئەموالی عەینی و نەقدی لە هەر لایەنێكی دەرەوەی هەرێم بە ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران دەبێ.





## یاسای یەكەم هەمواركردنی
## یاسای حزبەكانی هەرێمی كوردستان

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئە نجوومەنی نیشتمانیی كوردستان عێراق**
**ژمارەی بڕیار:** 8
**ڕۆژی بڕیار:** 1997/6/2

**(بڕیار)**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992داو و لەسەر داوای وەزیری ناوخۆ و ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی وەزیران لەسەری، ئەنجومەنی نیشتمانییی كوردستانی عێراق لە دانیشتنی ئاسایی خۆی ڕۆژی 1997/6/2 ئەم یاسایەی خوارەوەی دەرهێنا:

**یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 1997**

**یاسای یەكەم هەمواركردنی یاسای حزبەكانی هەرێمی كوردستانی عێراق ژمارە (17)ی ساڵی 1993**

**ماددەی یەكەم:**

ئەو ماوەیەی لە بڕگە یەكی ماددەی حەوتدا هاتووە دەگۆڕدرێت ولە (30) ڕۆژەوە دەكرێت بە (90) نەوەد ڕۆژ.

**ماددەی دووەم:**

ئەو ماوەیەی لە بڕگە سێی ماددەی حەوتدا هاتووە دەگۆڕدرێت ولە (45) ڕۆژەوە دەكرێتە (90) نەوەد ڕۆژ.

**ماددەی سێ یەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەكرێت و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بلاو دەكرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆكی ئە نجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**

بڕیاردانی هەڵوەشاندنەكەوە دەست پێ دەكات) وەزارەتی ناوخۆی لێ ئاگادار بكات[2].

**ماددەی حەڤدەیەم:**

1- دەشێ بەبڕیارێكی دادگایی كەلەدادگای پەیوەندیدارەوە دەرچووبێ حزب هەڵبووەشێنرێتەوە بە دەعوایەك كە وەزارەتی ناوخۆ لە سەری كردبێتییەوە لەسەر سەرپێچی كردنی حوكمێ لەحوكمەكانی ئەم یاسایە دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر دامەزراندنی حزبەكەدا بەبێ ئەوەی ئەو چالاكییانەی خۆی بخاتە كار كە دەقەكانیان لە پێڕۆی ناوخۆیدا هاتووە یان بەبێ هۆكاری بەجێ لەو ماوەیەدا لە چالاكیی خۆی بكەوێ[1].

2- بڕیاری دادگا ملكەچی تانووت لێدانی پێداچوونەو دەبێ لەلای دەستەی گشتی پێداچوونەوەی هەرێمی كوردستانی عیراق لەماوەی(30)ڕۆژدا لەرۆژی پێراگەیاندنی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەكەوە و بڕیاریدادگای پێداچوونەوە بنبڕ (بات) دەبێ.

**ماددەی هەژدەیەم:**

لەحاڵەتی هەڵوەشاندنەوەی حزبدا ماڵوموڵكی گوازراوە و نەگوازراوەی بە پێی پەیڕەی ناوخۆی پاكو دەدرێ.

---

(2)- ئەم ماددەی بە پێی ماددەی هەشتەم لە یاسای ژمارە (7)ی ساڵی 2002 یاسای هەمواركردنی دووەمی یاسای حزبەكانی لە هەرێمی كوردستان عێراق ژمارە (17)ی ساڵی 1993 هەموار كرا ماددەكەش پێش هەمواركردن بەم شێوەیە بوو: حزب بۆی هەیە بە پێی حوكمەكانی پەیرەوی ناوخۆی، خۆی هەڵوەشێنێتەوە.

(1)- ئەم برگەیە بە پێی ماددەی نۆیەم لە یاسای ژمارە (7)ی ساڵی 2002 یاسای هەمواركردنی دووەمی یاسای حزبەكانی لە هەرێمی كوردستان عیراق ژمارە (17)ی ساڵی 1993 هەموار كرا برگەكەش پێش هەمواركردن بەم شێوەیە بوو: 1- دەشی حزب بە بڕیارێكی دادوەری و لەسەر داوا (دعوی)یەك كە وەزارەتی ناوخۆی دەیكا بە هۆی سەرپیچیەوە لە حوكمەكانی ئەم یاسایە هەڵبوەشێتەوە.





**ماددەی نۆزدەیەم:**

دەبێ ئەو حزبانەی كەهەن لەماوەی سێ مانگ دا لە رۆژی جێبەجێ بوونی ئەم یاسایەوە بارەدۆخی لەگەڵ حوكمەكانیدا بگونجێن.

**ماددەی بیستەم:**

وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە رێنمایی بۆ ئاسانی جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربكا.

**ماددەی بیست و یەكەم:**

كار بە هیچ دەقێك ناكرێ كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا ناكۆك بكا.

**ماددەی بیست و دووەم:**

دەبێ ئەنجومەنی وەزیران حوكمەكانی ئەم یاسا جێبەجێ بكا.

**ماددەی بیست و سێیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوكردنەوەی لەرۆژنامەی رەسمیدا جێبەجێ دەكرێ.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆكی ئه نجوومەنی نیشتمانیی**

**كوردستانی عێراق**